کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣٦ | خاکەلێوە _ ١٣٦٩ | ئاوریلی _ ١٩٩٠

## بریارنامەی کرێکارانی سنە لە یەکی ئەیاری ١٣٦٧دا

کرێکاران، زەحمەتکیشان، هاوڕییانی
هاوچارەنوس!

ئەمرۆ ١٠٢ ساڵ لە تەمەنی پر بایەخی‌یەکی ئەیار–ریکەوتی ١١ی گولان–رۆژی جیهانی کرێکار تیپەر دەبی، چینیك کە رۆژ بە رۆژ بەرەو ئەوە دەچی لە سەرتاسەری جیهاندا شاهیدی بە رەسمییەت ناسرانی خۆی و داخوازەکانی بی. چینیك کە تاقە زامنی گەیشتن بە ئامانجەکانی هاوپشتی و یەکگرتووی ریزە میلیونی‌یەکانی خۆیەتی.

رۆژی جیهانی کرێکار،رۆژیکە کە هەموو کرێکارانی جیهان لەگەڵ یەکتر عەهد و پەیمان تازە دەکەنەوە کە تا گەیشتن بە ئامانجە واقیعی‌یەکانی خۆیان، خەباتی بی‌وچانیان دریژە پی بدەن.

ئیمە کرێکارانی کوردستان پی بە پیی چینی کرێکاری جیهان ئەمسالیش بە بەرپا کردنی جەژنی یەکی ئەیار سەر لە نوی پەیمان تازە دەکەینەوە و جاریکی‌تر لە سەر داخوازە کرێکاری‌یەکان پی دادەگرین و لەم رۆژە پیرۆزەدا بریارنامەیەك کە ٢٠ ماددەیە بە هەموو کرێکارانی کوردستان رادەگەیەنین و لیبراوانە ئیعلام دەکەین کە ئیمە کرێکارانی کوردستان داواکاری ئەوانەین:

١– داواکاری بە رەسمییەت ناسران و تەعتیلی ١١ی گولان رۆژی جیهانی چینی کرێکارین.

ل٥

## ئـال و گورەکـانی ئـەم دورەیەو ئەرکەکانی ئێمە وت و وێژ لەگەڵ هاوری ابراهیم علیزادە

ئـەم وت وویژەکـە رۆژی ٧ی ریبەنـدان لـە دەنگـی شۆڕشی ئێران بلاو کراوەتەوە، بە هیندیك دەسکاری‌یەوە هینراوەتە سەر شیوەی نووسین.

**با پرسیارەکەمان لەو باسەوە دەست پی بکەین کە لانی کەم سال نیویکە و بە دوای کۆنگرەی شەشەمدا چ لە نووسراوەکان و نەشریاتماندا چ لە باسەکانی ناو تەشکیلات دا هاتوەتە گۆر. ئیمە هەلسوورانی کۆمەڵەمان لە ١٠ سالی رابوردوودا، لە روانگەی تەئسیراتیکەوە کە ئەو هەلسوورانە لەسەر وەزعی کرێکاران و زەحمەتکیشان و کۆمەڵی کوردستان بۆیەتی، جاریکی دیکەش هەلسەنگاندوەتەوە و هەولمان داوە ئەو هەنگاوانە دیاری بکەین کە پیویستە حیزبی سیاسی کرێکاری لەمە بەدوا بۆ یەکگرتوو کردن و پتەوتر کردنی ریزی شۆڕشی کرێکاری هەلی بگری و لیرەوە ئاسوی بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەی کوردستان و تەوەقوع و چاوەروانی یەکانی چینی کرێکار لە سەرکەوتنی ئەم بزوتنەوەیە رۆشن بکەینەوە. پرسیارە کەم ئەوەیە ئیستا پترلە سال و نیویك دوای کۆنگرە، چ هەلسنگاندنیکتان لەسەر ئەم مەسەلەیە هەیە؟**

ئیمە زۆر جار کوتومان کە پیشرەفتی کاری خۆمان وەك کۆمۆنیستیکی ئەم دەورەیە لە روانگەی ئەو تەئسیرانەوە قەڵدە سەنگینین کە لە سەربەرەوپیش چوونی مەسەلەی کرێکار و، بە تایبەت لەسەر پتەو کردنی ریزی شۆڕشی کۆمۆنیستی دایدەنی ئەم مەسەلەیە لە لایەن ئیمەوە بە تەئکیدەوە باسی لی دەکری چونکوو دەمانەوەی خۆمان لەو بوچوونەی کە لەناو چەپ دا باوە کە بنەرەتی هەلسەنگاندنی هەر لە دریژایی و پانایی ریکخراوەکەی خۆی واوەتر ناچی، دوور خەینەوە لە وەها نوختە حەرەکەتکیەوەیە کە هەمیشە پاك کردنەوەی ریزی سوسیالیزم لە گەرایشاتی غەیرە سوسیالیستی و غەیرە کرێکاری لە سەتحی کۆمەڵایەتی‌دا لە دەستووری کارماندا دەبی.

لەم بارەیەوە کۆنگرەی شەشەم رووداویکی گرینگی حەیاتی کۆمەڵە بوو خەسلەتی پوویایی و رانەوەستاویی و خۆ قەتیس نەکردن لە چوارچیوەی دەسکەوتە تەشکیلاتی‌یەکاندا، ئەو خەسلەتە قەدیمی ترەی جەرەیانی ئیمە بوو کە لەو کۆنگرەیەدا ئیمکانی پیداین بناغەکانی ئال وگۆر و گورانکاری‌یەکی ئەساسی لە هەلسورانی داهاتووی کۆمەڵەدا لە کوردستان دابریژین بۆ باسی ستراتیژی ئیمە لە بزووتنەوەی کوردستان دا گەرچی بە هەموو شتیك لە جەوهەر و ناوەروکی خۆیدا بە رەخنەگری‌یەك لەوەی کە تا ئەو کات بە گشتی لە کۆمەڵی کوردستاندا و بە تایبەت لە رەوتی حەرەکەتی کۆمەڵەدا عەمەلی کردوە، دەست پی دەکا و بناغەکەی لەسەر ئەساسی ئەو رەخنەیە دامەزراوە.

ئیمە ئەو کات هەولمان دا بەر لە هەموو شتیك ئەو فکر و بیر وبوچوون و رەوشت و سوننەتی خەبات و ئەخلاقیاتە بناسین کە لە ناو کۆمەڵ دا وجوودیان هەیە و ئیمە پییان دەلیین گەرایشی کۆمەڵایەتی و بزانین ئەوانە لە کام ریگا و تا چ رادەیەك تەئسیریان لەسەر کاری ئیمە داناوە و ئیمە لە رەوتی ئال وگۆرەکانی ناو کۆمەڵدا و لە راستی‌دا لە رەوتی کیشە و ململانی چینایەتی‌یەکاندا، هەر دەورەیەك لە کوی راوەستاوین ئەو کارە مانای چاو پیدا خشاندنیکی رەخنەگرانەی

## بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان بالی"رادیکال"ی خودموختاری؟ یان راه کارگر بالی رادیکالی بورژوازی؟

پیشرەوی‌یە سەرەکی‌یەکانی دەورەی چوار سالەی رابوردووی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان، رەنگدانەوەیەکی بەرینی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە مەیدانی خەباتی چینایەتی‌دا لە کوردستان بووە. یەکیك لە لایەنە گرینگەکانی رەنگدانەوەی ئەم رەوتە، نەزەر گورین یان لە راستیدا دەست هەلگرتن و کشانەوەی جەرەیاناتی بورژوایی و وردەبورژوایی‌یە لە هەلویستەکانی پیشوویان لە حاست چینی کرێکار و خەباتی ئەو چینە لە کوردستان هەموو هاورییانی کرێکار و هەر کەس بە جۆریك لە رەوتی رووداوە سیاسی‌یەکان و خەباتی چەند ساڵەی رابوردوو لە کوردستان ئاگادار بی، لە بیریانە کە دوو، یان سی ساڵ لەوە پیش و ئەو کات کە کرێکاران لە کوردستان لە مەیدانی ئابووری و سیاسی و چەکدارانەدا بەرەورووی سەرمایەداران و دەوڵەتەکەیان بوونەوە و خەباتیکی جیددی‌یان بەرەوپیش دەبرد، حیزبی بورژوازی لە کوردستان لەوپەری بیشەرمی‌دا نەك هەر حاشای لە خەباتیان دەکرد، بەڵکوو لە تەبلیغاتی رۆژانەی خۆیدا حاشای لە مەوجوودییەتی چینی کرێکار دەکرد.

دیارە حیزبی دیموکرات، بە پیی جەوهەری چینایەتی خۆی و هەروەها بە پیی ئەو مەبەستە سیاسی‌یانە کە بە تایبەت لە دەورەی شەر لەگەڵ کۆمەڵەدا بە شوینیانەوە بوو، هەر ئەوەی لی چاوەروان دەکرا کەنەزەر و هەلویستی ئەوە بی بەلام سەیر ئەوەیە چەپی بورژوایی و سوننەتی ئێران هەر لە هەمان دەورەدان ئەگەرچی بە سووکە جیاوازی‌یەکەوە لە شیوەی گۆفتاردا، عەینەن نوێنەرایەتی هەمان بیر و بوچوونیان دەکرد و بەم شیوەیە تەقالایەکی بی سەمەریان دا بۆ پەردەپوش کردنی واقعییەتە ئابووری و کۆمەڵایەتی‌یەکان و خەباتی چینایەتی لە کوردستان، یەکیك لەو هیزە چەپانە کە ئەو کات لەمەدا دەوریکی تایبەتی بوو، راەکارگر بوو.

راەکارگر بەو ئیددیعایەکە "لەبەر ئەوەی لە کوردستان چینی کرێکاریکی قودرتمەند وجوودی نیە."(ریگای کرێکار ژمارە ٣٢، لاپەرەی ١٤، خاکەلیوەی ٦٥) و ئیددیعای دیکەی لەم چەشنە، بەو نەتیجەیە دەگەیشت کەخەباتی چینایەتی خەباتیکی لاوەکی‌یە و وجوودی کیشە و بەربەرەکانێی نیوان چینەکان و خۆنیشاندانی ئەو کیشەیە لەنیوان حیزبە جۆراوجۆرەکانی سەر بەو چینانەدا، لە لایەن راەکارگرەوە بە رەسمییەت نەدەناسرا و لە دەورەی دەسپیکردنی شەری نیوان کۆمەڵە و حیزبی دیموکرات و لە گەرمەی شەرکەش دا، هەر بەم پی‌یە، لەباری هەلویستی سیاسیشەوە کەوتە لای دەستی حیزبی بورژوازی (هەلبەت ئەو کاتیش وەك بەشی رادیکالتر!)

ل٥

## پاراستنی مافێ ئینسان و سەرشوری جمهووری ئیسلامی

گالین دوپول، نوینەری ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پاش ئەوەی سەری لە زیندانەکانی جمهووری ئیسلامی دا، راپورتیکی سەبارەت بە وەزعییەتی زیندانەکان و زیندانیان بلاو کردوەتەوە.

هاتنی هەیئەتی نوینەرانی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر چەند خۆی لە نەتیجەی ئیعتیراز و فشاری خەڵکی توورە و وەگیان هاتوو و فشاری بیرورای گشتی جیهانی‌دا بوو، بەلام خۆشی دەرفەتیك بوو بۆ شکاندنی فەزای زەبرو زەنگ و فەزای سام و سەرکوت.

دەرفەتیك بوو بۆ خوپیشاندانی هزاران کەسی خانەوادەی زیندانی‌یە سیاسی‌یەکان و خەڵکی ئازادیخواز تا سەرەرای وەحشی گەری رژیم و دەیان سەدان هەزار هیزی سەرکوتگەری کومیتە و پاسدار و "سارالله" و... برژینە خیابانەکان و بە دەنگی بەرز و پر بەدل هاوار بکەن:

"زیندانی سیاسی دەبی ئازاد بکری!".

گالین دوپول لەو راپورتەدا کە بلاو کراوەتەوە زۆری هەول داوە جینایەتەکانی جمهووری ئیسلامی داپوشی و بیان شاریتەوە بە جۆریك کە بووەتە جیی رەزامەندی جمهووری ئیسلامی و بە شادمانی‌یەوە لە رادیو و تلەویزیوندا باسیان دەکا. بەلام وەحشی‌گەری و جینایەتەکانی درندانەی رژیم دەرهەق بە زیندانیانی سیاسی هیندە زۆر و بی ئەوپەرە و هیندە زەق و ئاشکرایە کە نوێنەری ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان نەیدەتوانی بە تەواوی پەردەپوشیان کا و بە ناچار لە بەشیك لە راپورتەکە دا باسی کردوە.

ئەوە کە راپورتەکەی گالین دوپول چی تیدایە و لە روانگەی ئەوەوە "ماف"ی زیندانیان لە سیاچالەکانی جمهووری ئیسلامی دا هەتا چەندە پاریزراوە و لە کوی پی شیل کراوە، مەسەلەیەکە کە دەکری بە جیاواز و لە جیگای خۆیدا باسی بکەی بەلام هەندیك شتی‌تر هەن کە جیاواز لەوەی لەو راپورتەدا باسیان بکری یان نا، باس کردن و وەبیر هینانەویان بۆ ئێمە پیویستە.

گۆیا مەسەلەی زیندانیانی سیاسی لە ئێران مەسەلەی چونیەتی خورد و خوراك و هەناسەدانی ئەو چەند سەدئینسانەیە کە لە قوژبنی سیاچالەکان دا ماون و هەتا ئیستا گیانیان بەدەر بردووە–و هەلبەت نەك گیانی سلامەتیش–.

ل٤

## کاری کونتراتی بە قازانجی سەرمایەداران و زەرەری کرێکارانە

بەشیکی بەرین لەکرێکارانی کوردستان بە شیوەی کونتراتی کار دەکەن یانی نەك بە پیی سەعاتی کاریکی دیاریکراو، بەڵکوو بە پیی میزانی کاریك کە تەحویلی خاوەن کاری دەدەن هەقدەست وەر دەگرن.

بۆ نموونە، کرێکارانی کورە لەبری هەر هەزار خشت کە دەبیرن، کرێکارانی نانەوا لەبری هەرچند نانیکی کەدەیکەن کرێکارانی خەیات لەبری هەرپارچەیەك کە بیدروون یان کرێکارانی قالیباف لە بری هەر گەزیك قالی کە دەیکەن ، یان لە بری هەر تەختە فەرشیك کە تەحویلی خاوەن کاری دەدەن هەقدەست وەر دەگرن لە کاری ساختمانی و کاری دەستی و کاری مالیش دا هەر ئەم جۆرە یانی برە کاری و شیوەی کونتراتی باوە. ئەم شیوە کارە خراپترین شیوەی کاری کری‌گرتەیە و دەبی هەرچی زووتر کۆتایی پی بهینری و کرێکاران تەنیا بە شیوەی کاری‌کری‌گرتە ئەویش بەسەعات کاری دیاریکراو و مەحدوود کار بۆ سەرمایەدار و خاوەن کارەکان بکەن و هەقدەست وەربگرن.

بەداخەوە ئەم شیوەیەی کار لە نیو بەشیکی بەرینی کرێکاران و بە تایبەت لەنیو کرێکارانی کوورە ئەوەندە رایج و باوە کە دەلیی بیجگە لەم شیوەیە هیچ شیوەیەکی‌تر نیە بۆ کار کردن.

ئیمە دەلیین ئەم شیوەیە خراپترین شیوەی کاری کری‌گرتەیە! با بزانین بۆ چی؟

لەبەر گەلیك هۆ ئەم شیوەیە خراپە و دیارە بەشیکی زۆر لە کرێکارانیش بە تایبەت ئەو کرێکارانەی خۆیان بەم شیوەیە کاریان کردوە لە زەرەری ئەم کارە ئاگادارن، کەم تا زۆر دەزانن لە چ بابەتیکەوە بە زەرەریانە و هەتا چ ئەندازە بە قازانجی سەرمایەدارانە.

بەلام ئەگەر پرسیاریان لی بکری ئەی بۆ چی ئەم شیوەیە هەروا رایجە، هەموویان یەك وەلام دەدەنەوە و ئەویش ئەوەیە کە:"چارەم نیە، کار و بارم بە ریوە ناچی، ئاوا بۆ من باشترە، رۆژی چەند سەعاتیك زیاتر کار دەکەم و هەموو ئەفرادی خانەوادەش کار دەکەن و بەم جۆرە خەرجی زستانمان پاشەکەوت دەکەین!"

بەلی، وایە! بەم جۆرە کار کردن و خۆ بە دار و بەرد دادان و کیشانە ژیر کاری هەموو ئەفرادی خانەوادە، خەرجی ٣مانگەی زستانی پی پاشەکەوت دەکری بەلام بەچ قیمەتیك؟

پرسیارەکە ئەوەیە کە ئایا ئەمەتاقە ریگای پەیدا کردنی خەرجی زستان و لە برسا نەمردنە؟ ئایا زەرەری ئەم کارە هەر ئەوەندەیە کە ناچار دەبی کەمیك زیاتر کار بکەی؟ هەر ئەوەندە و هیچی‌تر؟

ل٦

رابوردووی کۆمەڵە بوو وەهارەخنەیەك بوو کە دەرفەتی پیدایین تا "چ کردن"ی کرێکاری وشیار بۆ پیك هێنانی ئاڵ و گۆڕی جیددی لە هەل ومەرجی ژیان و خەبات و لە سەنگ و سووکی هیزی خەباتکارانەمان لە پیناو ستراتیژی کرێکاریی سەراسەریدا، ئەو جار بە شیوەیەکی ئیسپاتی بینینە گۆڕ.

کوردستان کۆمەڵیکی سەرمایەدارییە و لە چەند دە ساڵی رابوردوو دا ئاڵ و گۆڕی گەلیك گرینگی بەسەردا هاتوە چینی کرێکاری کری گرتە زۆر خیرا و لە ژمارەیەکی یەکجار زۆردا زیادی کردوە، فەرهەنگ و سوننەت و داب و نەریتی پیش سەرمایەداری بەرەو تیداچوونی تەواو چووە و دەور و نەقشی شارەکان لەچاو لادی، لە سیمای سیاسی و ئابووری کۆمەڵدا چەند قات زیادی کردوە، چاوەروانییەکانی چینی کرێکار لە کۆمەڵ و ئیعتیرازی لە دژی وەزعی کار و ژیانی بووتە سەرچاوە و ئیلهام بەخشی هەرچەشنە رادیکالیزم و شۆڕشگێرییەك لەسەر بناغە جیاوازی و ناکوکییە چینایەتییە واقیعییەکانی ناو کۆمەل قوولتر بووەتەوە و ریبازە سیاسییەکانیان کەوتوەتە بەرانبەر یەکتر، وە هەموو ئەم ئاڵ وگۆڕانە لەناو دلی کۆمەڵیکدا رووی داوە و روو دەدا کە خۆی سەرجەم دەرگیری خەباتیکی سیاسی لانی کەم دەساڵە لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی بووە و لەم خەباتەدا حیزب و چینە جۆراوجۆرەکان هەرکامیان بە شیوە و سوننەت و ریبازی تایبەت بە خۆیانەوە بەشدارییان تیدا کردوە و دەور و نەقشیان تییدا بووە.

ناسیونالیزمی کورد سوننەتکی خەبات لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی بووە کە لەسەر ئەساسی مانەوەی ستەمی میللی لە کۆمەڵی کوردستاندا ماوەتەوە و بە کردەوە پالپشتی ئیدئولوژیك و سیاسیی تویژ و چینە غەیرە کرێکارییەکان بووە لە خەباتیاندا دژ بەدەوڵەتی مەرکەزی بەڵام ئەوە تەنیا سوننەتیك نەبووە کە عەمەلی کردوە بوونی چینی کرێکار لە مەیدانی خەباتی چینایەتی کوردستاندا زەمینە و ئیمکانی پیك هاتن و گەشە کردنی سوننەتی کرێکاریوسوسیالستیشی پیك هێناوە وجەرەیانیکی سوسیالیستیی کرێکاری هەولی داوە بزووتنەوەی کرێکاری هەولی داوە بزووتنەوەی ئیعتیرازی و دژی رژیمی لە کوردستان، لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی چینایەتی خۆی بەریتە پیش.

ئەگەر خەباتی چینایەتی و شەری ئاشکرا و نهێنی چینەکان ناوەروك و جەوهەری رووداوەکانی کۆمەڵی کوردستان لە دەساڵی رابوردووش دابووە و زووتر لە هەر واقعییەتیکی دیکە دەلیل و حیکمەتی ئەم رووداوانە روشن دەکاتەوە، هەر بەو ئەندازەیەش بەرانبەرکی و خەباتی سیاسی و کۆمەڵایەتی ئەم دوو گەرایشە، یلانی سوسیالیزم و ناسیونالیزم، لەسەر ئەساسی بەرژەوەندی دوو چینی سەرەکی ئەم کۆمەڵگایە، یانی کرێکار و سەرمایەدار، واقعییەتیکی حاشا هەلنەگر بووە من جاری لیرەدا باسی ئەوە ناکەم کە لەم دەورەیەدا هەرکام لە حیزبە سیاسییەکان لە کوردستان چەندە پر بە پر لە جیگا و شوینی چینایەتی خۆیاندا راوەستاون و، ئەو بەرابەرکی چینایەتییە چەندە عەینەن خۆی لە بەرانبەرکی حیزب سیاسییەکانیشدا نیشان داوە، باسی ئەسلی، لیرەدا، ناسینی رەوتە عەینییەکانە.

لیکدانەوەیەکی ئاوا بە ئیمە نیشان دەدا کە هیچ ستراتیژییەکی سەرکەوتوانە ناکری بۆ بزووتنەوەی شۆڕشگیرانە لە کوردستان دابندری بە بی ئەوەی نەزوکی و بی ئیعتیباری و بی کیفایەتیی ستراتیژی و ریبازی سوننەتی ناسیونالیستی لە کوردستان نیشان بدری، بە بی ئەوەی نیشان بدری کە سیاسەت و رەوشت و بیر و بوچوونی بەرچاوتەنگی میللی بۆ تیپەر کردن و دەرباز کردنی کۆمەڵی کوردستان لە گیر و گرفتی مەسەلەی میللیش ئیتر هیچ سەلاحییەتیکی نیە و نیشان بدری ئەگەر رادیکالیزم و ئازادیخوازییەکی واقیعی مەودای هەیە، بە هۆی بوونی چینی کرێکار و سوننەتیکی نوێیە کە لەناو ئەم کۆمەڵگایەدا هاتوەتە کایەوە.

ئێمە هەولمان دا لە روانگەی کرێکاریکی وشیارەوە و لەچاوی کرێکاریکی وشیارەوە کە رەوتی بەرەوپیش چوونی جەرەیانی حیزبیی زەمانی خۆی لە جەرگەی ئاڵ و گۆڕە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی ئەم دەورەیەدا سەیر دەکا، چاویك بە رابوردووی جەرەیانی کۆمەڵەشدا بخشینینەوە و دەور و نەقش و تەئسیریکی کە ئەم جەرەیانە لە خەباتی چینایەتیی واقیعی و زیندووی کۆمەڵی کوردستان دا بۆیەتی هەلسەنگینین و بەم جۆرە بایەخ و جیگایەکی کە ئەمرۆ ئەو جەرەیانە بۆ کرێکاری وەدەست هێناوە بناسین.

ئەو لیکدانەوەیە بە ئێمە نیشان دەدا کە مەسەلەکانی خەباتی چینایەتی لە کۆمەڵی کوردستان دا بە دایم کۆمەڵەی خستوەتە بەرانبەر زۆر مەسەلەی تازەوە. بە رادەیەکی کە کۆمەڵە توانیویەتی وەلامی پیویست بەم مەسەلانە بداتەوە گەشەی کردوە و هەلیداوە و لە سەر رەوتی بەرەو پیش چوونی کۆمەڵی کوردستان تەئسیری وشیارانەی داناوە و ئەم ئاڵ وگۆڕانە و ئەم خەباتە چینایەتییە کە میژووی کۆمەڵەش رۆشن دەکاتەوە و ئەم واقعییەتەیە کە بە رۆشنی ژیانی کۆمەڵەی تیدا دەبیندری.

بەرنامەی سیاسی و ریبازی کۆمەڵە کۆنگرە بە کۆنگرە رەنگ و بۆیەکی کرێکاری بەخودەگری و داخوازە کرێکارییەکان لە خۆیدا جی دەکاتەوە. کۆمەڵە ساڵ بە ساڵ خۆی زیاتر بە مەسەلە کۆمەڵایەتییەکان مەربووت دەکاتەوە، ئەو مەسەلانەی کە هەرگیز پەیوەندیکیان لەگەڵ سوننەتی خەباتی ناسیونالیستی نەبووە وەك: مەسەلەی ژنان، بەرانبەرکی لەگەڵ خورافات و سوننەتە دواکەوتووەکان و شتیتر کۆمەڵە سیمای سیاسی خۆی زەقتر دەکاتەوە، پەیوەندی خۆی لەگەڵ چەپی ئێران نزیکتر دەکاتەوە لە هەر چەشنە پیك هاتن و بەرە دروست کردنیك لەگەڵ حیزبە سوننەتییە بورژواییەکان دوور دەکەویتەوە و لە پیك هێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بەشداری دەکا.

ئاشکرایە کە سوننەتی خەباتی ناسیونالیستی لەرەوتی میژوودا لە کوردستان هەمیشە بەرانبەر بەو سیاسەت و ریبازە سیاسییانە راوەستاوە کە وابی بە پیی قاعیدە دەبی هیزیکی کۆمەڵایەتی دیکە، سوننەت و رەوشتیکی دیکە جەرەیانی ئیمەی بەرەو جەهەتیکی ئاوا هاندابیت و بە هیزی کردبی، بوونی چینی کرێکار، بە فەرهەنگ و ئاوات و ئامانجەکان و بە نەقش و دەوری کۆمەڵایەتی خۆیەوە وەها جەهەت گیرییەکی بۆ کۆمەڵە مومکین کردبوو و فشاری خەباتی چینایەتی لە کوردستان نزیکترین و رادیکالترین جەرەیانی حیزبیی لەگەڵ خۆی دەبردە پیش.

بە هەموو ئەمانەشەوە، ئیستا کە چاو لە کۆمەڵی کوردستان دەکەین و چاو لە وەزعی چینی کرێکار و هەل و مەرجی خەباتەکەی و رادەی ریکخراو بوونی و ئەو جیگا و شوینە خەباتکارانەیە دەکەین کە تییدایە، ئەو راستییەمان بۆ دەر دەکەوی کە کۆمەڵە تەنیا توانیویەتی ریکخراویك بی نزیکتر و دلسوزتر و رادیکالتر لەوانەیتر بۆ حالی کرێکاران بە هەموو نزیکی و دلسوزییەکەوە کە کرێکاری وشیار لە حەرەکەتەکانی کۆمەڵەدا شکی دەبرد، هەقی بوو ئەگەر رایگەیاندبا ئەم حیزبە، ئەم ریکخراوە هیشتا لە دەسترەسی من دوورە بەڵام رادیکالترین و پیشرەوترین جەرەیانی زەمانی منە کە دەتوانم دلی پی خۆش کەم و تەنانەت شتی لی فیر بم.

وەها لیکدانەوەیەکی رەخنە گرانە بە ئیمەی نیشان دا هەر برگەیەك کە لە رابوردووی کۆمەڵە هەلی بژیرین، کیشمەکیشیکی ئاشکرا و نهێنی و ئاگاهانە و خورسکی گەرایشە واقیعییەکانی تیدا دەبینین، گەرایشاتیك کە لە دەوری ریبازی رەسمی و راگەیاندراوی حیزبی کۆ بوونەتەوە و هیچکامیان ئالا و بەرنامەی جیاوازیان نیە و تەنانەت نوینەرانی ناسراو و دیاری کراویشیان نیە، بەلاموجوودیان واقیعییە و هەستیان پی دەکری، رەنگدانەوەی جەرەیانە فیکری و کۆمەڵایەتییەکان و بەرژەوەندە چینایەتییەکانی دەرەوەی ئیمەن کە خۆیان لە سوننەت و رەوشت و تیگەیشتنی وادا نیشان دەدەن کە ئەساسەن لە هەل ومەرجی ناسك و لە وەختی دژوار و ئەستەمدا، بە شیوەیەکی خورسك دەبنە فشاریك لە دژی بریارە رەسمی، ئاگاهانە و نەقشە بوداریژراوەکانمان عەمەل دەکەن و بەم جۆرە دەبنە مانعیك لەسەر ریگای تەبدیل بوونی بزووتنەوەی ئیمە بە حیزبیکی کرێکاری رەوتی بەرەوپیش چوونی ئیمە شینەیی دەکەنەوە و تەنگ و چەلەمەی دیننە سەر ریگا، دەبنە فشاریکی وا کە خۆیان بەسەر پراتیکی واقیعی ئیمە دا دادەسەپینن، دەبنە هۆی بەردەوام بوون و مانەوەی گیر وگرفت لە کار و هەڵسووران و لە ریکخستنی شوینی کار و ژیان دا، لە تەبلیغات دا، لە هەلسوورانی نیزامیدا، لە دابەش کردنی کار و دابەش کردنی مەشغەلەی رابەریدا و ئەو تەشکیلاتە بەم جۆرە دوور لە دەسرەسی کرێکار رادەگرن.

لە جەرگەی کیشمەکیش و بەرانبەرکییەکی واقیعیی ئاوا دا هەمیشە دیومانە بزووتنەوەی جەرەیانی رادیکال و مارکسیستی تیدەکۆشی خۆی لەژیر دەست و بالی بیر و بوچوونی سوننەتی و کۆن رزگار بکا و بە پیی نەقشەیەکی ئاگاهانە داهاتووی خۆی وەك بزووتنەوەیەکی کۆمۆنیستی لە کۆمەڵی کوردستاندا بچەسپینی.

ئەمرۆ پتر لە سال و نیویك پاش کۆنگرەی شەش دەتوانم بلیم ئەو لیکدانەوە رەخنە گرانەیە هەم دروستە و هەم پیویست تەنانەت پیویستیی بە هەنگاوی قایم تر و لیبراوانەتر هەیە بۆ ئەوەی لەسەر بناغەی ئەو هەل و مەرجە لەبارە و وزە و توانایی‌هایەك کە پیك هاتوە، ئەم رابوردوویە بەجی بیلین و لیی ببریین و لە حیزبیکی بە کەلك و نیزیك بە کرێکارەوە ببین بە حیزبیکی ئیعتیراز و خەباتی هەموو رۆژەی خودی کرێکار.

**ئیوە قسەتان لە تەبدیل بوونی کۆمەڵە بە ریکخراوی کرێکاران و نموونەی حیزبی کرێکاری کرد بە بروای تو ئەو مانع و موشکیلە ئەساسییانەی کە چ لە رابوردوودا و چ ئیستا لەگەڵیان بەرەورووین چی بوون و کامانەن؟**

ئەگەر بمەوی گرینگترین مانعەکانی سەر ریگای تەبدیل بوونی کۆمەڵە بە بەشیکی جیا نەکراوە لە بزووتنەوەی سوسیالیستیی کرێکاران بە کورتی باس بکەم دەبی قامك لەسەر چەند مانعی ئەساسی دابنیم کە بە بروای من بە پیی گرینگییان ئەمانەن: وجوودی بزووتنەوەیەکی گشتی کە تییدا کۆمەڵە لە لایەن جەماوەریکی بەرینی وردە بورژوازییەوە دەورە دراوە، وجوودی سوننەتی خەباتکارانە و رەوشت وشیوە هەڵسوورانی ناسیونالیستی لە کوردستان وەکوو جەرەیانیکی موعتەریز لە دژی دەولەتی مەرکەزی، گەش و رۆشن نەبوونی روانگە نەزەرییەکان و تیکەلاوی و رارایی لە بوچوونەکان و بەرنامەی عەمەلی سیاسیدا و سەرەنجام هەل ومەرجی واقیعیی شەر، فشاری نیزامی، گیرانی ژمارەیەکی زۆر لە هەڵسووراوانی تەشکیلاتی و کۆمەڵیك رووداوی چاوەروان نەکرا و هەرکام لەم خالانەی باسم کردن خۆیان وەك موشکیلیکی واقیعی لەسەر ریگای بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان وجوودیان بووە و عەمەلیان کردوە.

ئیمە لە دەورەی شۆڕشی ساڵانی ٥٧و ٥٨و لە جەرگەی بزووتنەوەیەکی گشتی دا گەشەمان کرد و هەلمان دا.

بزووتنەوەیەك کە داخوازەکانی کۆمەلانی کرێکار لەژیر دەست و پیی وردە بوژوازی و لەژیر شیعارەکانی بزووتنەوەی جەماوەریدا دەرفەتی هاتنە گۆر و هاتنە روویان تیدا وەدەست نەهینا و لە کردەوەدا لە مەیدان بەدەر کرابوو و هەر دیار نەبوو ئاسویەك کە لە راستیدا لە زمانی وردە بورژوازییەوە بۆ کۆمەڵی داهاتوو دیاری دەکرا، شتیکی تایبەتی تیدا نەبوو کە کرێکاران را بکیشی. بۆ کەسیك کە ماڧ دیاری کردنی چارەنووس و خودموختاری میشکی دانەگرتبوو، کەسیك کە نانی شەو و ژیانی رۆژانەی نیگەرانییەکان و ئاواتەکانی دیاری دەکرد، ئاسایی بوو کە خۆی لەو جەرەیان و جیزبانە نەزانی کە ئەم شیعار و داخوازانە هاندەری خەباتیانە و لەگەڵیان بیگانە بی، داخوازە ناروشنەکانی چینی ناونجی کە لە جیگا و شوینی ئەم چینەوە سەرچاوەی دەگرت، لە قالبی میللی و خودموختاری خوازانە و دیموکراسی خوازانە و شتی لەم چەشنەدا باسی لیدەکرا بە هەر رادەیەك کە حیزبی سیاسی قورسایی شیعارەکانی و هەلسوورانی سیاسیی خۆی دەخستە ئەم مەیدانەوە دیارە بەو رادەیەش هیزی ئەو بەشە لە کۆمەڵی کوردستانی پتر لە خۆی کۆ دەکردەوە.

لە هەل ومەرجیکدا کە ئەو بە کرێکار مەربووت بوو، وەك وەعدەیەکی ستراتیژیك و وەك ئارمانیك حەوالەی داهاتوو دەکرا وخەباتی زیندووی ئەمرۆ و داخوازەکانی ئەمرۆ لە شکل و شیوەی وادا دەمانەوە کە لە میژوودا هەمیشە لە لایەن چینە غەیرە کرێکارەکان هاتوەتە گۆر (وەك داخوازی خودموختاری و...) و بەم جۆرە جەماوەری کرێکار لە کردەوە دا لە دەرەوەی مەیدان رادەگیران یان لە باشترین حالەت دا ئەوانیش بە رادەیەك کە دلیان بەم شیعارانە خۆش کردبا دەهاتنە ناو ریزی ئەم خەباتەوە.

کۆمەڵە لە دەروونی بزووتنەوەی جەماوەری ئەو ساڵانەدا کەوتبووە بەر شەپولی ئەم بزووتنەوە گشتییە و لە ئەساسدا لە لایەن تویژە غەیرە کرێکارییەکانی ناو کۆمەڵ و وردە بورژوازی کوردستانەوە دەورە درابوو.

مانعیکی دیکە هەر وەك باسم کرد ناسیونالیزم بوو کوردایەتی سوننەتیکی خەباتی دژی رژیمی بووە لە کوردستان و کۆمەڵەش بە هۆی دەور و نەقشیك کە لە بزووتنەوەی جەماوەریی ساڵانی ٥٧و٥٨ دا وەدەستی هینابوو جەرەیانیکی کۆمەڵایەتی بوو لە کوردستان هەر ئەم خەسلەتەش دەرفەتی ئەوەی پیك هینا کە ئەم سوننەتە لەسەر ژیانی سیاسیی کۆمەڵەش تەئسیر دابنی یان لەراستیدا پی بنیتە نیو ژیانی سیاسی کۆمەڵەوە.

ئیمە هەمیشە لەگەڵ هیندیك پەدیدەی مەنفی لەنیو خۆمان دا بەرەو روو بووین کە هەولمان دەدا جار لەگەڵ جار بەرەبەرەکانی یان لەگەڵ بکەین لە حالیکدا کە هەمووی ئەوانە لەرشتەیەك دا کە بریتی بوو لە سوننەتی خەباتی ناسیونالیستی لە کوردستان پیکەوە هونرا بوونەوە و گەلیك دیاردەی زەقتر و بەرچاوتریمان هەموو رۆژیك لە هەڵسوورانی حیزبی سیاسیی بورژوازی لە کوردستاندا بەچاوی خۆمان دەدیت. کەم بایەخ دان بە ریکخراو بوونی جەماوەری لە شوینە ئازاد کراوەکانی کوردستان، کەم بایەخ دان بە وەگەر خستنی هیز و توانا و لیهاتووییەکانی کۆمەلانی خەلکی زەحمەتکیش بۆ پیك هینانی هەل و مەرجیکی باشتر یا تەنانەت هیندیك باشتر لە ژیانی رۆژانەیان دا، زۆر بایەخ دان بە مەوجوودییەتی نیزامی لە بەرانبەر کز و لاواز بوونی نەقشی کۆمەڵە لە ریکخستنی و هەلخراندنی بزووتنەوەی سیاسیی ئیعتیرازی لە ناو کرێکاران و هەروەها لەناو کۆمەلانی نارازی و ستەم لی کراودا، محافزە کاری و رارایی بەرانبەر بە سوننەتە دواکەوتووەکانی ناو کۆمەڵ و درەنگ دەس بردن بۆ ئەو مەسەلە کۆمەڵایەتییانە کە لە چوار چیوەی مەسەلەی میللی دا نەدەگونجان وەك:

مەسەلەی ژنان و مەسەلەی شووراکان و دەسەلاتدارەتی خەلك هیزی کۆمەڵایەتی بۆ دەستەویەخە بوون لەگەڵ هەموو ئەم مەسەلانە پیك هاتبوو، کۆمەڵی کوردستان لەناو خۆی دا دەرفەتی ئەم پەلامارەی خولقاندبوو، بەڵام محافزە کاری بەرانبەر بە فشارە سوننەتییەکان مانعی دیتنی ئەم ئیمکانەکۆمەڵایەتییانە بوو هەموو ئەمانە بە هۆی خەباتیکی گشتی دژی رژیمی جیگایان بۆ خۆیان کردبووەوە و کاری وشیاریدەرانە و بە دانستەی ئیمە لە دژی ئەم گەرایشە کۆمەڵایەتییە هیواش و شینەیی بەرەوپیش دەچوو.

ناروشنی لە سیاسەت و بیروبوچوونە نەزەرییەکانیشماندا، بە نۆبەی خۆی دەبووە مانعیك لەسەر ریگای ئەو گورانکارییە ئەساسییە کە پیویست بوو تا کۆمەڵە بکا بە قالبی ئیعتیراز و خەباتی کرێکاران و ریکخراوی ئاسایی ئەوان واقعییەت ئەوەیە کە تەکاملی کۆمەڵە تەکاملی روانگە و بیرو بوچوونە سیاسییەکانیشی بووە توانایییەکان و

لیهاتوویی‌یە نەزەری‌یەکانی کۆمەڵە بەرەبەرە کامل بوون و، بەرەبەرە ناڕۆشنی‌یەکانی لی ڕۆشن بووەتەوە.

کاتیك بیر و بوچوونی ناڕۆشن لە ڕوانگەیەکی سیاسی‌دا هەبی، ئاشکرایە ئەم ناڕۆشنی‌یە ئەو هەلسوورانە عەمەلی‌یەش بە لاریدا دەبا کە ئەم بیر و بۆچوونانە دەروانن سەریان کەس ئیددیعای ئەوەی نیە هەر لە هەوەڵەوە سەبارەت بە مەسەلە جۆراوجۆرەکان، وەك سیاسەتی ڕیکخستنمان لە شارەکان، کاری نیزامی، تەبلیغات، مەسەلەی خودموختاری و... نەزەرمان هیندەی ئیستا گەش و ڕۆشن بووە دیارە ئەو جۆرە ناڕۆشنی‌یە نەزەری‌یانە تاوانی عەمەلی خۆشیان هەیە.

ئاخرین خاڵ کە پیویستە بە کورتی ئیشارەی پی بکەم ئەو هەل ومەرجە واقیعی‌یەیە کە بە نۆبەی خۆی وەك هامیلیکی مەنفی و فشاریك بوون لەسەر مەسەلەکانی کرێکاران لە کوردستان یەکیك لەوانە مەسەلەی لەشکر کیشی ڕژیم و هیرشی نیزامی بۆ سەر کوردستان بووە ئەم هەل ومەرجە وەزعیکی وای پیك هینابوو کە شەر و موقاوەمەتی نیزامی ببووە میحوەری هەموو مەسەلەکانی کۆمەڵی کوردستان و بۆ ماوەیەکی زۆر هەموو مەیدانەکانی خەبات و تیکۆشان کەوتبووە ژیر تەئسیری ئەم وەزعییەتە شەر و موقاوەمەتی نیزامی بە شیوەیەك لە کۆمەڵی کوردستاندا زەق ببووەوە کە نەدەکرا خۆی لی دوور خەیەوە ئەم واقعییەتە ویرای ئەو عامیلە نالەبارانەی کە پیشتر باسم کرد شیوەیەك لە خەباتی بۆ کۆمەڵەش زەق کردەوە کە بە کردەوە لە دەسرەسی کۆمەڵانی بەرینی کرێکار لە کوردستان دوور بوو دیارە شك لەوەدا نیە کە کۆمەڵە بە وەلام دانەوە بەم پیویستی‌یە کۆمەڵایەتی‌یە، یانی بە موقاوەمەت، موقاوەمەتی چەکدارانە بەرانبەربە هیرشی ڕژیم، خۆی لەگەڵ میژووی واقیعی‌ی دەورەیەك لە کۆمەڵی کوردستان جووت کرد ئەم کارە پیویست بوو و ئەم بریارە بی گۆمان نوختە وەرسوورانیکی گرینگ لە ژیانی سیاسی کۆمەڵە دایە. بەڵام سەرەرای ئەوانەش هەل ومەرجیکی پیك هینا کە بەشیکی زۆر لە هەڵسوورانی کۆمەڵە و بەشیکی زۆر لە هیز و توانا و ئیمکاناتی کۆمەڵە لە دەسرەسی جەماوەری کرێکار، کە لە شوینی کار و ژیانیان خەریکی خەبات و تیکۆشانی هەموو ڕۆژە لەگەڵ نیزامی سەرمایەداری بوون، دوور کەوتەوە.

شەری دریژ ماوەی ئیران و عیراقیش یەکیك لە مانعەکانی سەر ریگامان بووە. نەبوونی ئەمنییەت، ویرانی، کۆشتار لە سنوورەکان، تەبدیل بوونی کوردستان بە مەیدانی شەریکی گەورەی ٨ ساڵە، هەموو ئەمانە وەك عامیلی مەنفی کاریان کردە سەر ڕەوتی هەڵسوورانمان و گەلیك مانعیان لەسەر ریگای بەرەو پیش چوونمان پیك هینا.

هەروەها پیویستە باسی گیران و ئیعدام کرانی کۆمەڵیکی زۆر لە تیکۆشەرانی کۆمەڵە لە شارەکانی کوردستان بکەم لە هیرشی دوژمن بۆ سەر تەشکیلات و هەلسووراوانی کۆمەڵە لە شارەکان، ژمارەیەکی زۆر کادری لیهاتووی کۆمۆنیست و هەڵسووراوانی ناو بزووتنەوەی کرێکاری لە دەست چوون یان لە دەور دا نەمان و ئێمە تا ماوەیەکی دریژ خایەن و تا ئێستاش نەمانتوانیوە بۆشایی نەبوونیان لە شارەکان پر بکەینەوە بیجگە لەمە گیانبەخت کردنی ژمارەیەکی زۆر لە کادرە پیشرەو و لیهاتووەکانی بەشی عەلەنی، چ لە رابەری و چ پلەکانی‌تردا تەئسیریکی بەرچاویان لەسەر هیواش بوونەوە و شینەیی کردنەوەی بەرەوپیش چوونمان داناوە.

**ئێستا، پاش ئەم ڕوونکردنەوەیە و بە لەبەر چاو گرتنی ئەو گیروگرفت و مانعانەی کە باستان کرد، بە گشتی لەسەر نموونە و ئولگووی هەلسووران و مەوجوودییەتی حیزبیکی کرێکاری و و بە تایبەت تەشکیلاتی کوردستانی حیزب لە دەورەی داهاتوودا نەزەرتان چیە؟**

ڕاستی‌یەکی ئاشکرایە کە بزووتنەوەی ئێمە و جەرەیانی ئێمە سەرەرای هەموو نیازپاکی‌یەك کە سەبارەت بە ئارمان و ئامانجە کرێکاری‌یەکان بوویەتی، سەرەرای شۆڕشگیری و تیکۆشەری‌یەك کە لە دەورەی جۆراوجۆردا لە خۆی نیشان داوە، سەرەرای ئەوەی نزیکترین جەرەیان و بزووتنەوەی حیزبی‌ی زەمانی خۆی بووە بە کرێکاران، ژیانی سیاسی‌یەکەی لە سوننەتی خەباتی کرێکاری‌یەوە سەرچاوەی نەگرتوە، ریشەی لە خەباتی ئابووری و سیاسی و هەموو ڕۆژەی کۆمەڵانی کرێکاردا نەبووە، لە سوننەتی خەباتی کرێکاران بۆ باشتر بوونی ژیانیان یان لە سوننەتی خەباتی سەندیکایی و شوورایی‌یەوە هەلنەقولیوە، بەڵکوو لە جەرگەی ئیعتیرازی کۆمەڵانی چینی ناونجی‌دا پەرەوەردە بووە و هەر لەوی و ئەساسەن لەوی هیزی گرتوە، سوننەت و ڕەوشت و ئەخلاقییات و تەنانەت بیر وبوچوونی ئەو چینانەش لە هەڵسوورانی‌دا ڕەنگی داوەتەوە، قورسایی کاری سیاسی‌ی لەناو وردەبورژوازی‌دا بووە لەباری فکریشەوە ریگای خۆی بە خەبات لەگەڵ پوپولیزم و ناسیونالیزم دا کردوەتەوە یان بەقسە کردن لە دژی رویزیونیزم و پاش گەز بوونەوەی نەزەری، بیروڕای خۆی دەربریوە و سیمای سیاسی خۆی بەم ئیعتیبارە وەدەست هیناوە و بەمەخۆی ناساندوە.

ئێمە دەمانەوی لەم پیشینەیە بریین و ببین بە جەرەیانیك کە نەك هەر نزیك لە کرێکار و دلسوزی کرێکار بەڵکوو هی خۆدی کرێکارە ئەوەی کە ئێمە بە شوینیەوەین پیك هینان و پتەو کردنی جەرەیانیکی حیزبی‌ی بەهیز و ڕادیکالە لەناو دلی خەباتی هەموو ڕۆژەی کرێکاران دا ئێمە دەمانەوەی ببینە حیزبیکی وا کە هەل ومەرجی ژیان و شکل و شیوەکانی خەبات و هەلس و کەوتەکانی چینی کرێکار، ڕاستەوخۆ لە ناویدا ڕەنگ بداتەوە و تەئسیری لی وەربگری و تەئسیر لەسەر ڕەوتی بەرەو پیش چوونی دابنی.

کۆمەڵە بە بەشداری کردن و هیدایەتی بزووتنەوەیەکی جەماوەری لە کوردستان ئیعتیباریکی کۆمەڵایەتی زۆری لەناو کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیشان و خەڵکی ستەم لیکراودا وەدەست هیناوە.

ئێمە دەمانەوەی ئەم جیگا و شوین و ئیعتیبارە بیتە خزمەت تەبدیل بوونی ئەو جەرەیانە فکری و سیاسی و تەشکیلاتی‌یە و حیزبیکی کرێکاری و بۆ ئەوە تیدەکۆشین، تازە بە بڕوای ئێمە ئەوە ئامانج و مەبەست نیە، ئەمە هەنگاوی هەوەڵە بۆ پیك هێنانی ئاڵ و گۆڕی واقیعی لە ژیانی کۆمەڵانی کرێکاردا و هەنگاوی هەوەڵە بۆ شۆڕشی کرێکاری، عەمەل پی کردن و بەڕیوە بردنی بەرنامەی کۆمەڵایەتی کرێکاران، هەلوەشاندنەوەی مالکییەتی خوسووسی و کاری کریگرتە و چارەسەر کردنی هەموو ئەو مەسەلە کۆمەیەتی‌یانە کە بورژوازی پیکی هیناون یان دەیانپاریزی کاتیك کوللی مەسەلەکە ئاوا ببینین ئەمجار دیینە سەر ئەوە کە خەباتی ئێمە لە کوردستان بە تایبەتمەندی‌یەکانی خۆیەوە بەڕیوە دەچی و مەسەلەکانی تایبەتی ئەم کۆمەڵگایە هەل ومەرجی کارمان پیك دینی. بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان مەسەلەکانی خۆی لە جەرگەی کیشەیەکی واقیعی دا و لە سەر ئەو مەسەلانەی کە لە ئاستی کۆمەڵایەتی‌دا لە جەرەیاندان دەباتە پیش.

تا ئەو جیگایەی کە هەلدەگەریتەوە سەر بورژوازی کورد لە کوردستان، ئەو هەول دەدا خەباتی شۆڕشگیرانە لە ژیر چەتری کوردایەتی‌دا لە چوارچیوەی خەبات بۆ وەدەست هینانی خودموختاری واوەتر نەچی، بە بیانووی خەبات لە دژی جمهووری ئیسلامی و بە بیانووی وجوودی مەسەلەی میللی خەباتی چینایەتی لە مەیدانی خەباتی ئەم کۆمەڵگایە بچیتە دەر و لە ژیر فشاری کوردایەتی‌یەکی بەرچاو تەنگ دالە بیر بچیتەوە تا لەم ریگایەوە سەرمایەداری‌ی کوردستان لەژیر تیخی خەباتی سەراسەری‌ی کرێکاران دەرباز کا و نەجاتی بدا بەڵام بۆ ئێمە چارەسەر کردنی مەسەلەی میللی بە شیوەیەك کە زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان پیی ڕازی بن، تازە هەنگاویکە بۆ پەی گرتن و بردەنە پێشی ڕۆشن تر و سەر ڕاست تری خەباتیکی قوولی کۆمەڵایەتی‌تر، خەباتی چینایەتی چینی کرێکار لە دژی سەرمایەداران بە کورد و غەیرە کوردەوە، خەبات لە دژی ئەوانەی‌کە حاکمییەت و دەسەلاتی خۆیان بە تواندنەوەی ژیانی کۆمەڵانی کرێکار پیکەوە ناوە هەر بۆیە ئێمە بە ئەرکی هەمیشەیی و بەردەوامیی خۆمان دەزانین کە ویرای ڕیکخستن و هیدایەتی خەباتی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە دژی دەوڵەتی مەرکەزی و زولم و ستەمی ئەو دەوڵەتە، ڕیاکاری و فریو کاری بورژوازی کورد، لە حیزبە سیاسی‌یەکانی‌یەوە بگرە هەتا دەگاتە خاوەن دارایی و سەرەوەتەکانی شار و دی و کارخانە و کارگا و حوجرەی بازەرگانان و شوینەکانی‌تر، دەربخەین و ریسوای بکەین و نیشانی بدەین کە پی داگرتنی ئەم تاقم و تویژانە لەسەر کوردایەتی لەم دەورەیەدا جگە لە ڕیاکاری هیچی‌تر نیە و تەنیا بۆ ئەوەیە کە خۆیان لە ژیر فشاری خەباتی چینایەتی کرێکاران دەرباز بکەن.

**گەرچی قسەوباسەکە زۆر ڕۆشن بوو و نیشانی دەدا کە قسە لەسەر گورانکاری‌یەکی بنەرەتی و جی‌گورکیی کۆمەڵایەتی حیزبە، بەڵام بەلەبەرچاو گرتنی ڕووداوەکانی ئەم دوایی‌یانەی ئورووپایی ڕۆژهەلات ڕەنگە هیندیك کەس ئەم جهەت گیری‌یانە بەم ئاڵ و گۆڕانە مەربووت کەنەوە ئیوە خۆتان ئەم ڕووداوانە چۆن هەلدەسەنگینن و سەبارەت بەم داوەری‌یە کە ڕەنگە لەسەر کاری ئێمە بکری نەزەرتان چیە؟**

هەرکەس دەتوانی هەر تەفسیریك کە بڕوای پییەتی‌یان پیی خۆشە وابی، باسی بکا هەرکەس جهەت گیری‌یەکانی ئێمە بە بن بەستی سوسیالیزمی بورژوایی و ڕووداوەکانی ئورووپای ڕۆژهەلات مەربووت دەکاتەوە خۆی دەزانی، بەڵام بۆ ئێمە زۆر ڕۆشن و سادە مەسەلە ئەوەیە کە دەمانەوی لە هەنگاوی یەکەم دا ببینە جەرەیانیکی هەڵسووراو لە جەرگەی خەباتیکی چینایەتی‌ی عەینی و واقیعی‌دا کە لە کۆمەڵدا هەیە و ڕیزیکی بەهێزی کۆمۆنیستی و کرێکاری لە ناو دلی ئەم خەباتەدا پیك بینین.

هەرا و هوریای ئەمپریالزمی ڕۆژئاوا، لە جیژنی سەرکەوتنی بەسەر بلووکی سەرمایەداری ڕەقیبەکەی دالە ڕۆژهەلات سەت بەرابەر لەوەش بەرزتر بی واقعییەتیك حاشا هەلنەگرە و ناشاردریتەوە کە ئەوەیش ئەو لە کۆمەڵی چینایەتی ئەمرۆدا چینی کرێکار، بە حوکمی هەل و مەرجی عەینی‌ی ژیانی و بە ناچار، بزووتنەوەی خۆی لە دژی چەوسینەران و خاوەن سەروەت و خاوەن مالکییەتەکان، لە داخوازی چکولەوە بۆ داخوازی گەورەتر و بەرەو ئامانجی بەرزتر دەخاتە ری ئێمە دەمانەوی کادر و هەلسووراوی ئەم بزووتنەوەیە بین.

ئێمە دەمانەوی ئالاهەلگری‌هەلوەشاندنەوەی مالکییەتی خوسووسی و هەلوەشاندنەوەی کاری کریگرتە و، ئالا هەلگری حکوومەتی کرێکاری بین لە ناو ئەم بزووتنەوەیەدا و ئەمە بۆ ئێمە سەرەرای هەر وەزعییەتیکی سیاسی کە هەبی، کاریکە کە ناکری وەدەرنگ بخری یان تەنانەت بۆ ماوەیەکیش وەلا بنری.

بەڵام با لە وەلامی پرسیارەکەتدا، بۆ ڕۆشن بوونەوەی زیاتری جهەتی ئێمە هیندیك زۆرتر سەبارەت بەو لایەنە بدویم کە باست کرد، ئاشکرایە کە ئێمە هەرگیز بلووکی ڕۆژهەلات و ئەو سیستم و نیزامەمان بە ئوردووگای سوسیالیستی نەناسیوە کە ئەمرۆ خەریکە هەلدەوەشیتەوە و لەبەرچاوی هەموو خەڵکی دنیا و بە زەقترین شیوە خەریکە ئیعتیبار لە خۆی دەستینیتەوە. ئەوەی ئەمرۆ ڕوو دەدا تەنیا دروستی‌ی هەلسەنگاندنیکی گشتی‌ی ئێمە دەسەلمینی کە هەمیشە بڕوامان پیی بووە ئەوەی ئەمرۆ لەو ولاتانە ڕوو دەدا کە بە بلووکی ڕۆژهەلات ناسراون، گەیشتنە ئاخر و بن بەستی سیستمیکی ئابووری و هەروەها ڕەوشتە سیاسی‌یەکانی نەوعە حکوومەتیکە کە لە ڕەقابەتی ناو خۆی سیستمی سەرمایەداری‌ی جیهانی‌دا، ئیتر وزە و توانایی‌یەکانی پیشووی خۆی لە دەست داوە و هەول دەدا بیتەوە سەر شکل و نورمە ئاسایی‌یەکانی نیزامی ڕەقابەتی ئازادی سەرمایەداری‌ی جیهانی سەرمایەداری‌ی دەوڵەتی لە ولاتی ڕۆژهەلات، کە سەردەمیك بە ڕەچاو کردنی شیوە ئابووری‌یەکی متمرکز زەرفییەت و دەرفەتیکی بەرینی بۆ قەرەبوو کردنەوەی دواکەوتوویی‌یە ئابووری‌یەکانی خۆی وەدەست هینابوو — کە ئەمەش خۆی حاسڵی چەوسانەوەی سیستماتیك و بە وردی ڕیکخراوی چینی کرێکار بوو– توانیبووی سیستمیکی پولیسی و نیزامی‌ی بە هیز بۆ پاراستنی مەوجوودییەتی خۆی بەرانبەر بە هەستان و قیامی شۆڕشگیرانەی جەماوەر پیك بینی و هەروەها توانیبووی لە موسابەقەیەکی گەورەی تەسلیحاتی (چەك و چول پیکەوەنان) لەگەڵ ڕۆژئاوادا مەوقعییەتی خۆی وەك "ابرقدرت" پتەو بکا و جیی بخا ئەمرۆ ئەو نەوعە سەرمایەداری‌یە دەوڵەتی‌یە کە ئەرکەکانی خۆی بە ئەنجام گەیاندوە و لە مەوقعییەتیکدایە کە ئیتر بەرانبەر بە گەشە و هەلدانی گەورە و بەرینی سەرمایەداری لە ڕۆژئاوا و پیشرەوی یەکجار بەرینی تکنولوژی ناتوانی لە ئاستی جیهانی‌دا وەلامی پیویستی‌یەکانی سەرمایەداری بداتەوە و ئیتر توانای ڕەقابەتی لەدەست داوە و هەر بۆیە هەولدەدا ڕەنگ بگوری و خۆی لەگەڵ هەل ومەرجی ئەمرۆی جیهانی سەرمایەداری دا بینیتەوە.

ئەوەی لە ولاتانی بلووکی ڕۆژهەلاتدا ڕوودەدا بەر لە هەموو شتیك نیشانەی بی ڕەبت بوونی ئەو سیستمەیە بە سوسیالیزم و چینی کرێکار ئەوە سەرمایەداری و نیزامی کاری کری گرتە بووە کە لەم ولاتانەدا و لەژیر ناوی سوسیالیزم و کۆمۆنیزم دا دریژەی بە ژیانی خۆی داوە و لەژیر ئەم ناوەدا چەوسانەوەیەکی توند و تیژ و ژیانیکی سەخت و دژواری بە زۆری سەرنیزە بە سەر کرێکاراندا سەپاندوە کە وایە بوحرانی ئەمرۆی ئەم ولاتانە، نەك بوحرانی کۆمۆنیزم و بوحرانی ئارمان خوازی و ڕزگاری خوازی‌ی چینی کرێکار، بەلکوو بوحرانی ناوخۆی جیناحیك لە سەرمایەداری ئەمپریالیستی‌ی جیهانی‌یە ئەوەی خەریکە ڕوو دەدا سەرکەوتنی ئابووری و سیاسی‌ی جیناحیکی سەرمایەداری‌یە بەسەر جیناحیکی دیکەدا، سەرکەوتنی ئابووری‌ی نەوعی بازار بە سەر ئابووری نەوعی دەوڵەتی و متمرکزدا.

بەڵام ئەگەر هەر ئەو سیستمە ڕۆژیك وەسیلەیەك بوو بۆ توند و تیژ کردنەوەی چەوساندنەوەی چینی کرێکار و بۆ هیشتنەوەی مەینەت و کویرەوەری‌یەکانی نیزامی سەرمایەداری بەسەر کرێکاراندا، ئەمرۆ جەستەی بوگەنیشی لە لایەن سەرمایەداری‌ی جیهانی یەوە بووەتە وەسیلەیەك بۆ مەسموم کردن و ئالوودە کردنی ڕیزی بزووتنەوەی سوسیالیستی‌ی کرێکاران و لە دژی خەباتی چینایەتی ئەوان بەکار دەبری.

بە کورتی بلیم: سوسیالیزمەکەیان وەك سوسیالیزمی واقیعەن مەوجوود، ڕۆشن بوو کە فەرسەخهای فەرسەخ لە کۆمەڵیکی ئازاد و بەرابەر و ئینسانی دوور بووە، حکوومەتی کرێکاری کەئیددیعا دەکرا لەم ولاتانە لەسەر کار بووە، ڕۆشن بوو کە چون ساڵەهای ساڵ دەسەلاتی تویژیکی بوروکرات و مفتە خوری بەسەر چارەنووسی کرێکاران لەم ولاتانەدا حاکم کردبوو کە چکولەترین پەیوەندیکیان بە چینی کرێکارەوە نەبووە، مارکسیزم وەك ئیدئولوژی ڕەسمی، وەسیلەیەك بووە بۆ پاراستنی ئورگانیکی حکوومەتی بەنیوی حیزبی کۆمۆنیست، ئابووری متمرکزی دەوڵەتی وەسیلەیەك بووە بۆ ڕەقابەت لەگەڵ سیستمی سەرمایەداری‌ی ڕەقابەتی ئازاد.

بۆ کەسانیکی کە نموونە و ئولگووی سوسیالیزم و ئاسویەك کە لە ولاتی خۆیان خەباتیان بۆ دەکرد ولاتانی بلووکی ڕۆژهەلات بووە، هیوا بڕاوی و دل ساردی و ناهومیدی شتیکی ئاسایی‌یە و دەست هەلگرتن لەم ئاسویە بە مانای دەست هەلگرتن لە مارکسیزم و

کۆمۆنیزمە بەلام ئەمە تەئسیری لەسەر کاری ئیمە دەتوانی هەر ئەوە بی کە بۆ پەیوەست بوون بە بزووتنەوەی کۆمەلایەتی کرێکاران و بەهیز کردنی ریزی سوسیالیزمی کرێکاری لە ناو ئەم بزووتنەوەیەدا سوورتر و پەیگیرترمان دەکا. بۆ ئێمە مانای دەست وبردو خیرا جوولانەوە و درەنگی هەلنەگرتنی ئەم بزووتنەوەیە.

پیویستی‌ی پیک هاتنی گورانکاری‌یەکی بنەرەتی لە هەلسوورانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا، بە جۆریك کە ئەم حیزبە بکاتە بەشکیی جیا نەکراوەی بزووتنەوەی کرێکاری و بیکاتە ریزی کۆمۆنیزم لە نیو کارێکاراندا، لە بن بەست و هەلوەشانەوە و بی ئابروو بوونی سیستمی سوسیالیزمی بوژوایی لە ولاتانی رۆژهەلاتەوە دەرنەکیشراوە، بەلکوو لەم باوەرە قایمەوە سەرچاوەی گرتوە کە پیک هاتنی ئال و گوریکی "کیفی" و بنەرەتی لە هەلسوورانی حیزبی کۆمۆنیست دا تەنیا بە مەرجیك دەکری کە لە پیشینەی خۆی و گەلیك لە سوننەتەکانی رابوردووی ببری و لیی دوور کەویتەوە و ئال و گوریکی بنەرەتی لە هەلسوورانی و بوچوونی تا ئێستای‌دا پیك بینی حیزبی کۆمۆنیست هەمیشە وەلامی پیویستی بۆ مەسەلەکانی ئەمرۆی ئورووپای رۆژهەلات و سیستمی سەرمایەداری دەولەت هەبووە و هەلویستی رۆشن بووە و تەنانەت ئەم سنوورکیشانە لەگەلٚ سوسیالیزمی بورژوایی لەم ولاتانە بەشیك لە سیمای سیاسی و ئیدئولوژیکی بووە وەك چەپی رادیکال و سەربەخۆی ئێران، بەم سنوورکیشانەوە ناسراوەتەوە و بەشیك لە سیمای سیاسی‌ی شکل پیداوە. کە وایە گورانکاری‌یەك کە ئێستا قسەی لی دەکەین و باسیك کە ئێستا پیویستە و جهەت گیری‌یەك کە ئیستا پیویستە و بۆ حیزبی کۆمۆینست حەیاتی بووەتەوە، بە هیچ جۆر لە سنوور کیشانیکی ئاواوە دەرنەکیشراوە.

تکایە لەم دەرفەتەدا نەزەری خۆتان سەبارەت بەو بۆچوونەش باس بکەن کە ئال و گۆرە سیاسی‌یەکانی مەنتەقە لە دوای شەری ئێران و عێراق و تەئسیری ئەم ئال و گۆرانە لەسەر هەلسوورانی تەشکیلاتی عەلەنی ئیمە و بەرتەسك بوونەوەی خەباتی چەکدارانە بەسەرچاوەی ئەم باسانە دەزانی.

بە بروای من، ئەو کەسانەی جهەت گیری و سیاسەتەکانی ئەم دەورەیەی ئیمە بۆ تەبدیل بوون بە حیزبی ئیعتیرازی کۆمەلایەتی‌ی کرێکاران بە حیسابی ئەوە دادەنین کە کەم بایەخ دراوە بە فلانە یان فیسارە مەیدانی کار یان سەرچاوەکەی لەو تەنگەبەری و بەرتەسکی‌یانەدا دەبینن کە هەل و مەرجی ئێستا هیناویەتە پیش، ئەوپەری کورت بینی خۆیان دەسەلمینن. ئەگەر ئیمە بە فەرز ئەمرۆ گەرابایینەوە سالی ٥٧یش هەر ئەو ئەرکانەمان لە دەستووری خۆمان دا دادەناو ئەم جهەتەمان دەگرتە پیش کە ئەمرۆ گرتوومانەتە پیش مەسەلە بۆ ئیمە قەتعەن کەم بایەخ دان بەو مەیدان و ئەو مەیدانی هەلسووران نیە بەلکوو شان دانەبەر هەلسوورانیکی جیددی لە هەموو مەیدانەکاندایە. تەنیا وەعودە گرتنی دەور و نەقشیکی شۆرشگیرانە و تیکۆشەرانە لە لایەن کرێکارانی وشیارەوە هیزیکە کە بزووتنەوەی کوردستان لە دەوری باتلی مەیدان چول کردن و خەیانەت کردن و بە شکست کیشانیکی کە لە رەوتی میژوودا تووشی بووە رزگار دەکا و ئاسوی پیشرەوی و سەرکەوتنی بەروودا دەکاتەوە.

هیزە بورژوایی‌یەکان لە بزووتنەوەی کوردستاندا هیز و توانای خۆیان لە کەلین و کەلەبەر و ناکوکی‌یەکانی ولاتانی مەنتەقە و لە کز ولاواز بوونی دەولەتی مەرکەزی لەم یان ئەو دەورەیە وەر دەگرن و تەنانەت لەم بارەیەشەوە نەك بە پیی نەقشەیەکی داریژراوی بە دانستە بەلکوو چاوەروانی هەلکەوتنی هەل ومەرجیکی لەبار، ژیانی سیاسی‌یان تیپەر دەکەن. دیارە لەم ماوەیەش دا سات و سەودا بەو کارتانەش دەکەن کە وەك هیزی چەکدار، وت وویژ و دیپلوماسی‌ی بین المللی لە دەستیاندایە و بەم جۆرە مەوجوودییەتی خۆیان دەپارێزن.

بەلام ئەگەر بۆ نموونە مەوجوودییەتی نیزامی هەموو شتیکە و هەموو مەوجوودییەتیانە، مەسەلەکە بۆ ئیمە پیچەوانەیە. ئیمە نامانەوی وابی بۆ ئیمە وانیە. خەباتی نیزامی بۆ ئیمە بەشیك لە بەرنامەی خەباتمانە و لە خزمەت کوللی ستراتیژی‌ی چینایەتی‌ماندایە. پیویستی‌ی چەکدار بوون و چەکدار مانەوە و پارستنی سەنگ و سووکی‌یەکی لە بارتری نیوان هیزەکان بە قازانجی کرێکاران بە خەباتی چەکدرانە لەو ستراتیژی‌یەوە هەلینجراوە. بە هۆی ئەم سیاسەتەوەیە کە کۆمەلە بەشی چەکداری هەیە خەباتی چەکدارانە تەنیا شیوەیەك و تاکتیکیك لەکوللی هەلسوورانی ئیمەیە. هەلسووانیك کە دیارە بە هۆی خەسلەتیکی چینایەتی کەخالیس کرێکاری کە کاری ئیمە دەگریتە بەر، بەشی هەرە زۆر و چارەنووس سازی لە شوین و جەرگەی کار و ژیانی کرێکاراندا دەچیتە پیش.

بەم جۆرە ئەمرۆ خەباتی چەکدارانە بۆ ئیمە هەلسوورانیك نیە کە گۆیا بە هۆی مەسەلەی میللی لە کوردستان و مەسەلەی ماڤ دیاری کردنی چارەنووس و خودموختاری و شتی لەم چەشنە پیویست بی بپاریزری. دیارە گۆمان لەوەدا نیە کە کۆمەلە بە هۆی هەلسوورانی لە هەموو مەیدانەکاندا وەلامی ئەم مەسەلەیەش دەداتەوە بەلام ئەم خەباتە بە هەر دەلیل، بە پیی هەر پیویستی‌یەك لە کاتی خۆیدا هەلگرسابی، ئەمرۆ دریژە پیدانی بەشیك لە ستراتیژی‌یەکی ئاگاهانە و بە دانستە داریژراوی کرێکاری ئەو ستراتیژی‌یە کە جیاوازی ئەساسی‌ی هەلسوورانی چەکدارانەی ئیمە لەگەلٚ حیزبە سوننەتی‌یەکانی کۆمەلی کوردستان دیاری دەکا.

بۆ حیزبە بورژوایی و ناسیونالیستەکان هۆی چەکدار بوونیان، شیوەی چەکداری بوونیان و فەلسەفەی خەباتی چەکدارانەیان جگە لە مەسەلەی میللی و ماڤ دیاری کردنی چارەنووس بە هیچ مەسەلەیەکی کۆمەلایەتی‌یەوە مەربووت نیە بی دەلیل نیە کە ئەم جۆرە هیزانە ورەی خۆیان لە هەلس و کەوتەکانی ئەم خەباتە وەردەگرن و شایعەی وت وویژیان دوور بوون و نزیك بوونی وت وویژ لەگەلٚ دەولەتی مەرکەزی مەوجوودییەتە سیاسی‌یەکان مانا دەکاتەوە. بۆ هیزی کرێکاری و کۆمۆنیستی ئەم خەباتە بەشیك لە خەباتی چینایەتی کرێکارانە لە کوردستان و هیزی پیشمەرگەی کۆمەلە بەم مانایە لە ئەساسدا هیزیکی دژی مالکییەتی خوسووسی، دژی نەزانی و خورافات و دژی هەموو هەلاواردن و نابەرابەری‌یەکە لە کۆمەلدا کە یەکیشیان مەسەلەی میللی‌یە.

ئەگەر ئاوا بروانریتە هەلسوورانی عەلەنی‌ی ئیمە و هەلسوورانی هیزی پیشمەرگە، دەر دەکەوی گرینگی و بایەخی ئەم خەباتە بۆ ئیمە بە دەیان قات پتر لە خەباتی چەکدارانەی ناسیونالیستی‌یە و هەر بۆیە بە پیی توانایی‌یە فەنی و عەمەلی‌یەکانی ئەم دەورەیە، لە پیناو پیك هینانی سەنگ و سووکی‌یەکی لەبارتری نیوان هیزەکان بە قازانجی کرێکاران دەیبەینە پیش تا ئەم جیاوازی‌یانەش نەبیندرین و هەر ئەو جۆرە هەلسەنگیندری‌کە تا ئێستا باو بووە، زۆر ئاسایی‌یە کە ئەم گۆمانە پیك بی کە گۆیا کۆتایی پی هاتنی شەر و ئەو مەسەلە تایبەتانەی کە بۆ هەلسوورانی نیزامی ئیمە هیناوەتە پیش، هاندەرمان بوون تا ئەم باسانەی ئەمرۆی کۆمەلە بینینە گۆر. وە ئەمە ئەو تیگەیشتنە نادروستەیە کە باسم کرد.

### داهاتووی باسەکان و جهەتگیری‌یەکانی ئەم دەورەیەمان لە ناو تەشکیلاتی کوردستانی حیزب دا چون دەبینی؟

ئیمە تا رادەیەکی زۆر ئەو موشکیلاتانەی کە چ لە باری سیاسی و تەشکیلاتی و چ لە باری کۆمەلایەتی‌یەوە لەسەر ریگامانە دەناسین شکل پیدانی کۆمۆنیزمی کرێکاری وەك جەرەیانیکی کۆمەلایەتی، هەم رۆشن بینی سیاسی و نەزەری پیویستە و هەم پەرەوەردە بوون و دەخالەتی هەلسووراوانەی کۆمەلیك ئینسانی ماندوویی نەناس و تیکۆشەر و هەلسووراوی ئەم ریبازەی پیویستە و ئەمە جم و جوولیکە کە لە هەرتك بارەیەوە لە جیزبی ئیمە دا دەستی پیکراوە و لە تەشکیلاتی کودستانی جیزبیش دا ماتریالی ئینسانی و ئیمکانی عەمەلی بۆ بەرەوپیش چوونی ئەم خەباتە یەکجار زۆرە. بەلام بە بروای من باسی رۆشن کردنەوەی تەکلیف و چارەنووسی ئەم بزووتنەوەیە، لە سنوورەکانی ئیمکاناتی تەشکیلاتی مەوجوود گەلیك تیدەپەری و هیواداریمان بە نەتیجەبەخش بوونی ئەم جهەت گیری‌یانە سەر چاوەیەکی بەهیز و تواناتری هەیە.

با لە پیشدا ئەوە بلیم کە چارەنووسی باسەکان و کیشەکانی ئەم دەورەیە و هەر دەورەیەکی ناو حیزبی ئیمە، حیزبیك کە دەیەوی ببیتە جەرەیانیکی کۆمەلایەتی و نایەوەی لە چوارچیوەی ئەو بیر و بوچوون و بروایانەدا بمینیتەوە کە لە نیو کتیب و دەفتەردا پاك و زیندو راگیراوە، وەلامیکە کە لە لایەن چینی کرێکارەوە و لە پەیوەند لەگەلٚ خەباتیکی چینایەتی‌دا کە ئەم چینە دەستەویەخەیەتی پیی دەدریتەوە و بەم جۆرە جیگا و شوینیکە کە ئەم حیزبە و ئەم بیر و باوەر و بوچوونانە لەناو خەباتی ئەم چینەدا وەدەستی دینن.

ئەو هیزە کۆمەلایەتی‌یە کە پایە و بنەرەتی ستراتیژی ئیمە لەسەر بزووتنەوەی ئەو دانراوە، لە کوردستان هەیە و جەرەیانی رادیکال و سوسیالیستی‌ی تیدا بەهیزە سەدان کۆر و کۆمەلی کرێکارانی تیکۆشەر هەن کە سوسیالیزمی کرێکاری بە چرای ریگای خۆیان دەزانن، بە هەزاران کرێکاری وشیار هەن کە کۆمەلە بە ریکخراوی خۆیان یان زۆر نزیك لە خۆیان دەزانن و گەلیك پالپشت و پشتیوانی موسبەتی لەم چەشنە، سالانی داهاتوو بی گۆمان دەورەیەکە کە بە حوکمی هەل ومەرجی عەینی بزووتنەوە کرێکاری‌یەکانی تیدا دەبیتە میحوەر و ئەساسی ئیعتیرازە کۆمەلایەتی‌یەکان لە کوردستان کۆمەلە دەتوانی ئەم ریکخراوە کرێکاری‌یە بی کە جەرەیانی کۆمۆنیستی بکاتە سەرەکی‌ترین حەرەکەتی نیو ئەم بزووتنەوەیە.

تا ئەو جیگایەی کە هەلدەگەریتەوە سەر بەجی هینانی دەور و نەقشی وشیارانەی ئیمە وەك بزووتنەوەیەکی دیاری کراو کە لەژیر ئالای مارکسیزم دا شکلی گرتوە، بەرنامەی کاری و جهەتی فکریمان ئەوەیە کە لە بریارنامەکان و پەسندکراوە رەسمی‌یەکانی حیزبی و لە نەشریاتمان دا باسی کراوە و من لیرەدا دەمەوی ئەوە بلیم کە ئەم ریبازە سیاسی و ئیدەئولوژیکی‌یە واقیع بینانە و عەمەلی‌یە و لەسەر بناغەی پیویستی‌یەکی کۆمەلایەتی دانراوە. تا ئەو جیگایەش کە بە حیزبی کۆمۆنیست مەربووتە بەرەوپیش چوونی ئەم ریبازە سیاسی و ئیدەئولوژیکی‌یە لە گرەوی ئەوە دایە کە یەکە یەکەی تیکۆشەرانی ناو ریزەکانی حیزب و لیرەدا بە تایبەت کۆمەلە کە مەوریدی باسمانە، وەك هەلسووراویکی جیددی و ماندوویی نەناسی ئەم ریبازە کار بکەن و ئەرکی خۆیان لە رۆشن کردنەوەی هەنگاوەکانی دا هاتووماندا بەریوە بەرن.

# ( پاشماوەی ) پاراستنی مافێ ئینسان و سەرشوری جمهووری ئیسلامی

مەسەلەی زینددانیانی سیاسی لە ئێران تەنیا لیکولینەوەی وەزعی ئەو کەسانە نیە کە ئیستا لە زیندان دان، تەنیا ئەوە نیە کە ئەمانە وەزعی خوراك و بیعداشتیان چونە، لە چەند جیگاوە شکەنجە کراون و رۆژی چەند جار دەدرینە بەر شەللاقی زیندانەوانانی جینایەتکار و چلون کەرامەت و شەخسییەت و روح و رەوانیان پی شیل دەکری و چلون ژەهری تەحقیر و سووکایەتی دەکریتە نیو دەرمارەکانیان پەروەندەی جمهووری ئیسلامی گەلیك لاپەرەی‌تریشی هەیە کە دەبی هەلدرینەوە تەواوی جینایەتەکانی جمهووری ئیسلامی دەبی لە دادگای ویژدانی بیداری کۆمەلانی شەرافەتمەند و ئازادیخوازدا حوکمیان لەسەر بدری.

زیندانیانی سیاسی، ئیعدام کراوەکان و هەموو ئەو کەسانەی کە پاش تەحمولی وەحشیانەترین شکەنجەی فیزیکی و روحی تیك شکاو و ژاکاو، لە زیندان ئازاد کراون، ئەمانە کەسانیك نەبوون کە دەستیکی نادیار ئەم چارەیەی لە نیو چاوانیان نووسیبی. کەم نەبوون ئینسانی ئازادیخواز، کەم نەبوون ژنانی دووگیان و مندالانی کم تەمەن کە کەوتنە بەر دەسریژی دەستەی ئیعدام و ئیستاش کەس بە سەر و سوراغی گورستانیان نازانی.

کەم نەبوون و کەم نین ئەو ئینسانە شەرافەتمەندانە کە بە هۆی هەژاری و دەستەنگی و هەزار مەینەتی‌تری ژیان کەوتنە داوی ئیعتیاد و دزی و فەحشاو، جینایەتکارانی ئیسلامی پول پول ئیعدامیان کردن و جمهووری ئیسلامی بە شانازی و لە خوبایی بوونیکی درندانەوە خەبەری کوشتنی سەدان کەس لەمانەی لە رادیو و رۆژنامەکانەوە راگەیاند و رادەگەینی هیچ کەس لە بیری نەچووەتەوە کە چلون خانەوادەی زیندانیانی سیاسی بە تەمای چاوپیکەوتنی رولەکانیان دەچوونە بەر درگای بەندیخانەکان بەلام جەنازەی ئەنجن-ئەنجن کراوی رولەکانیان پی دەدرایەوە و تەنانەت داوای دەسخوشانەیان لیدەکرا. هەژاری و کویرەوەری ئەو خانەوادانە دەبی ببینری کە تاکەمایەی بەریچوونیانخراوەتە زیندان و بی سەرپەرست ماونەتەوە.

لە حکوومەتیك دا کە وەزعی ئینسان ئاوایە، لە حاکمییەتیك دا کە زیندانەکان و کوشتارگاکانی لە هەموو شتیکی دیکە ئامادەتر و تەیارترن و بەکری‌گیراوانی ئینسانکوژ ئامادەی هەموو جینایەتیکن، ئایا ئیددیعای پاراستنی مافێ ئینسان گالتەیەکی تال نیە؟

رژیمیك کە نیوبانگی کوشتار و پی‌شیل کردنی ماڤ ئینسان و جینایەتەکانی لە هەموو دنیا بلاو بووەتەوە و ریسوای هەموو ویژدانیکی بیدار و شەرافەتمەندەو ئیستا بۆ هەلخەلەتاندنی بیرورای گشتی جیهان دەیەوی پاکانە بۆ خۆی بکا نابی هیچ مەجال و دەرفەتیکی پی بدری.

کۆمەلانی خەلکی ئێران هەموو کردەوە و جینایەتەکانی ئەم رژیمەیان لەبیرە لاپەرەی تەواوی پەروەندەکانی ئەم رژیمە دەبی هەلدرینەوە نابی بیلێن جینایەتەکانی ئەم رژیمە بی دەنگەیان لی بکری و سەرپوشیان بنریتە سەر بە تایبەت هەموان دەبی ئەوەیان لە بەری چاو بی کە ئیعتیراز بە جینایەتەکانی ئەم رژیمە، دیفاع لە زیندانیانی سیاسی و خەبات لە پیناوی ئازادی زیندانیانی سیاسی‌دا تەنیا ئەرکی خانەوادەی زیندانی‌یەکان نیە.

دیفاع لە زیندانیانی سیاسی، دیفاعە لە ئازادی دەربرینی عەقیدە، دیفاعە لە ئازادی خەبات لە پیناوی ژیانی ئینسانی‌دا و دیفاعە لە مافێ ئازادانەی هەر ئینسانیك بۆ تیکۆشان لە پیناوی وەدەست هینانی سەرەتایی‌ترین مافەکانی خۆیدا و لە پیناوی وەدی هینانی ئازادی و عەدالەتی کۆمەلایەتی‌دا ئەمە ئەرکیکە لەسەر شانی هەموو ئەو کەسانە، هەموو ئەو ژن و پیاوە شەرافەتمەندانە کە رزگاری لە مەینەتی دەسەلاتدارەتی رژیمی ئیسلامی و حاکمییەتی چەوسینەرانە و ستەمگەرانەی سەرمایەداری بە ماڤ خۆیان دەزانن، هیچکەس نابی ئەوە قەبوول بکا کە لەبەر چاوی هەموان سەدان کەس لە هاوچارەنووسانی ئیمە سەنگەسار دەکرین و تەناف دەخریتە ملیان و گوللە باران دەکرین و لە ژیر چوکی جەللادانی شکەنجەگەردا پشوویان لە سنگیان دا دەتاسی، نابی ئەوە قەبوول بکری کە سەربرین و دەست پەراندن و بەردەباران کردن وەك قانوونی جینایەت بەریوە بچی.

راپورت و نەزەری هەیئەتی تەحقیقی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، باسی هەرچی بکا، دیفاع لە ئازادی زیندانیانی سیاسی ناکا، دیفاع لە مافێ ئینسانی، ئازادی‌یە سیاسی‌یەکان، ئازادی بەیان و عەقیدە، حورمەت و کەرامەتی ئینسانی ئەرکی سەرشانی ئیمەیە. نابی ئیجازە بدەین هیچکەس بگیری و بخریتە زیندان، نابی ئیجازە بدەین هیچکەس شکەنجە بکری، نابی ئیجازە بدەین هیچکەس سەنگەسار و ئیعدام بکری. نابی ئیجازە بدەین لەبەر چاوی ژن و پیاو و منالانمان نمایشی وەحشیانەی ئینسانکوژی بخریتە ری. هەموو ئەمانە دەبی کۆتایی‌یان پی بهینری.

بەرانبەر بە هەموو جینایەتەکانی رژیمی ئیسلامی ئەوە دەنگی ئیعتیرازی ئیمەی کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکیشە کە دەبی بەرز بیتەوە و تیکەل بی لەگەلٚ هاواری ئەو سەدان هەزار دایك وباوکە کە سالەهایە لە پشت درگای زیندانەکان چاوەریی چەند دەقیقەچاوپیکەوتنی رولەکانیانن و تەوهینیان پیکراوە، جنیویان پیدراوە.

# (پاشماوەی) بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان بالی"رادیکال"ی خودموختاری؟ یان راە کارگر بالی رادیکالی بورژوازی؟

ئەمرۆ، کە خەباتی کرێکاران لە کوردستان هەرچی زیاتر هیز و گوری بە خووە گرتوە و جم و جوولی قودرەتمەندی سیاسی و ئابووری چینی کرێکار کە بە ئاشکرا لە ئاکسیونەکانی رۆژی کرێکار دا و لە مانگرتنەکان و ئیعتیرازە کرێکاری‌یەکاندا خۆی نیشان دەدا، هەموو حیزب و جەرەیانەکان، حیزبی دیموکرات (هەرتك بەشەکەی) و بە تایبەت هەموو هیزە چەپەکان، ئیددیعاکانی رابوردووی خۆیانیان لەبیر بردوەتەوە (پییان وایە کرێکاران و کۆمۆنیستەکانیش زەین کوێرن)، هەندیکیان بی دەنگەیان کردوە و هەندیکیان بەمەشەوە نەوەستاون و لە بابەت"بایەخدان بە کرێکاران و زەحمەتکیشان و پیویستی ریکخستنیان" قسە دەکەن.

لەم نیوەدا، بوچوون و هەلویستەکانی راەکاگر، چ لە رابوردوودا و چ هی ئیستای، جیگای سەرنجن هی‌رابوردووی لەبەر ئەوە کە لە جەرەیانی شەری نیوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەدا بە کردوە وەك فراکسیونیکی ناوخۆی حیزبی دیموکرات دەجوولایەوە و هەولیدەدا بۆ شایی تیئوریکی ریبەرایەتی حیزبی دیموکرات پر کاتەوە و حاشا کردنیان لە وجوودی خەباتی چینایەتی لە کوردستان پاسا وبکا، وە ئێستاش لەبەر ئەوە کە رابوردووی تاریکی خۆی- کەرابوردوویەکی زۆر دووریش نیە- بە ئەنقەست لە بیر دەباتەوە و کەوتوەتە مەدح و سەنای بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان، لە حالیکدا ئەمجاریش بە هەمان رەوشت و میتودی پیشووی خۆی وەزعی چینی کرێکار و خەباتی ئەو چینە لە کوردستان بەراورد دەکا کە دیسانەوە هیچنەتیجەیەکی نیە بیجگە لە پەردەپوشکردنی وەزعییەتی سیاسی و خەباتکارانەی ئیستای کرێکاران لیرەدا، هەر چەندبە کورتیش بی چاویك لەنەزەراتی راەکارگر دەکەین سەبارەت بە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان هەتا بزانین ئەمجار بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان چون بەراورد دەکا.

راەکارگر پیی وایە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان بالی"رادیکال"ی بزووتنەوەی خودموختاری‌یە.

پیشتر ئیشارەمان پیکرد کە جم و جوولی نویی کرێکاران لە کوردستان بە تایبەت لە ساڵی ٦٤ بەم لاوە قودرەتی خوی نیشان داوە کە نەك هەر مەوجوودییەتی خۆی بەلکوو خەباتی خۆشی وەك واقعییەتیك بەسەر حیزبە بورژوایی‌یەکاندا سەپاندوە و گەلیك واقعییەتی بردوەتە نیو زەین و میشکی ئەوانەوە کە فرچکیان بەوە گرتوە بەرانبەر بە چینی کرێکار پی بچەقینن. بە جۆریك کە ئیستا ئیددیعاکانی پیشووی خۆیانیان لە بیر بردوەتەوە و ملیان داوە بە قەبوول کردنی ئەو شتانە کە پیشتر دەیانگوت ئەمانە "خەیالات"ی کۆمۆنیستەکان و حیزبی کۆمۆنیستن و کۆمەڵە لە زەینی خۆیدا"دای هیناون" هەلویستی ئیستای راەکارگر لەم بابەتەوە نموونەیەکی زۆر رۆشن و بەرچاوە.

راەکارگر، عەینەن وەك کەسیك کە لە ناکاو لە خەو راپەریبی و تاسابی، گۆیا تیگەیوە هەندیك ئال وگۆری ئابووری-کۆمەڵایەتی لە کوردستان روویان داوە و، بە ناچار و نابەدل لە کۆنفرانسی چوارەمی کۆمیتەی کوردستان- ساڵی ٦٧-دادەلی:

" پەرەگرتنی بزووتنەوەی جاماوەری و بە تایبەت شکل گرتنی بزووتنەوەی سەربەخۆی کرێکاری لە راستیدا بەیان و دەربرینی ئال و گۆری ئابووری کۆمەڵایەتی لە کوردستان و تحولاتی چینایەتی لە ریزەکانی بزووتنەوەی میللی- دموکراتیك دایە." ریگای کرێکار، ژمارە ٥٧، جوزەردان و پووشپەری ٦٧، لاپەرەی ٢٢ وەیا لە جیگایەکی‌تر دەلی:

"بەریوەچوونی مەراسمی سەربەخۆی کرێکاری بە بۆنەی یەکی ئەیار لە شاری سنە لە ساڵی رابوردوودا(ساڵی ٦٦) یەکیك لە لووتکەکانی بزووتنەوەی کرێکاری کوردستان و سەراسەری ئێران بوو."

ریگای کرێکار، ژمارە ٥٦، خاکەلیوە گولانی ٦٧، لاپەرەی ١٠

هەر ئەوە کە راەکاگر ئەوەندە ئیعتیراف بە واقعییەتەکان دەکا، خۆی نەزەر گورین و کشانەوەیەتی لە هەلویستەکانی پیشووی خۆی لە حاست بزووتنەوەی چینی کرێکار لە کوردستان کە بە پیی قاعیدە دەبی وەك هەنگاویکی بەرەوپیش حیساب بکری بەلام ئایا لە راستیدا دەکری ئەم هەلویست گورینەی راەکارگر لە حاست بزووتنەوەی کرێکاران لە کوردستان بە هەنگاویکی بەرەوپیش و موسبەت دابندری؟ ئایا راەکارگر ئیستا دیمەنیکی دروست و واقیعی لەم بزووتنەوەیە بەرچاو دەخا؟ بۆ وەلام دانەوەی ئەم پرسیارە با بروانینە نەزەری راەکارگر سەبارەت بەم مەسەلەیە کە لە گوڤاری "ریگای کرێکار"دا چاپ کراوە.

راەکارگر پاش مەدح و سەنای بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان، عاقیبەت کاتیك دیتە سەر قسەی موشەخەس، ئاوا باسی ئەو بزووتنەوەیە دەکا:

"گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان لە ساڵی رابوردوودا، کە لە زیاد بوونی حەرەکەتە سنفی‌یەکاندا و هەروەها لە قورسایی نیسبەتەن زۆری حەرەکەتە سەربەخۆ سیاسی‌یەکانی کرێکاراندا لە خەباتدا لەدژی شەر و بۆ دیفاع لە ریکخراوە سەربەخۆ کرێکاری‌یەکان خۆی نیشان دەدا، نیشاندەری ئەوەیە کە گەلی کورد ئیستا کۆلەکەیەکی قایم لە خەباتی خۆیدا بۆ وەدی هێنانی داخوازە دیموکراتیکەکانی و یەك لەوانە خودموختاری کوردستان، دادەریژی."

ریگای کرێکار، ژمارە ٥٦، لاپەرەی١١، تەئکید هی ئیمەن.

ئەمەش بەشیکی‌تر لە بوچوونەکانی راەکارگر هەر لەم زەمینەدا:

"خەباتی کرێکاران لە ساڵی رابوردوودا و گەشەی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان کە لە زیاد بوونی حەرەکەتە سنفی‌یەکاندا، لە حەرەکەتە سەربەخۆ سیاسی‌یەکاندا، لە بەریوە چوونی یەکی ئەیاردا و لە دیفاع لە ریکخراوە سەربەخۆکرێکاری‌یەکاندا خۆی نیشان دەدا، نیشاندەری ئەوەیە کە کرێکاران لە حەرەکەتەکانی خۆیاندا لەگەڵ پیویستی پیك هینانی ریکخراوە تایبەتەکانی خۆیان، بە تایبەت سەندیکا، هەرچی زیاتر ئاشنا بوون و ئەمانە هەمووی نیشانەی وەخەبەر هاتن و ریکخراو بوونیکی هیوا بەخشە کە رزگاری گەلی کورد و وەدی هاتنی مافە میللی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکانی، لە گرەوی‌دان و نیشاندەری ئەوەیە کە چینی کرێکار خەریکە بەرەو ئەوە دەچی موری خۆی بە رەوتی ئال و گۆرە سیاسی‌یەکانی کوردستانەوە بنی."

ریگای کرێکار، ژمارە ٦٢، خاکەلیوە و گولانی ٦٨، لاپەرەی ١٦، تەئکید هی ئیمەیە.

ماشاالله لەم هەموو تیژ بینی‌یە!

دیارە کرێکاران لە کوردستان ئالا هەلگری خەبات لە مەیدانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە و رزگاری گەلی کورد لە ستەمی میللی و بۆ دیفاع لە داخوازە دیموکراتیکەکانی خەڵکی کوردستان بوون و هەن. بەلام مەسەلەی گرینگ ئەوەیە کە دەور و جیگا و شوینی کرێکاران هەر ئەوە نیە کە حوزووری هەلسووراوانەیان لە بزووتنەوەی گشتی میللی‌دا هەبی و دیفاع لە داخوازە دیموکراتیکەکان و خودموختاری بکەن و لەم چوارچیوەیەدا مەحدوود نابیتەوە هەر جەرەیانیك کە دەور و جیگا و شوین، ئاسو و داهاتووی خەباتی چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری هەتا ئەوەندە بینیتە خوار کە وەك "کۆلەکەی قایم"ی بزووتنەوەی دیموکراتیك چاوی لی بکاو لە چوارچیوەی بزووتنەوەی میللی و گشتی‌دا مەحدوودی بکاتەوە، لایەنی دژی سەرمایەداری و ئاسوی سوسیالیستی ئەو بزووتنەوەیە دەشاریتەوەو تەسویریکی بورژوایی و پیچەوانەی لی بەرچاو دەخا و ئەمە تەقالایەکە کە راەکارگر دەستی داوەتی و بەم شیوەیە دەوری کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری ئەوەندە مەحدوود دەکاتەوە کە ئەو پەرەکەی وەك بەشی "پەیگیر" و بالی "رادیکال"ی بزووتنەوەی دیموکراتیك و خودموختاری خواز چاوی لیدەکا بەم پی‌یە و لە روانگەی راەکارگرەوە ئەوپەری ئامانج و ستراتیژی بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان لە ریبەرایەتی بزووتنەوەی گەلی کورد و رزگاری گەلی کورد واوەتر ناچی کەگەلیك جار لە ژمارەکانی گۆڤاری ریگای کرێکاردا هەتا ئیستا تەنیا لەسەر ئەمە پیی داگرتوە و یەك کەلیمەش باسی ئاسوی سوسیالیستی ئەو بزووتنەوەیە ناکا.

بەلام بە پیچەوانەی بوچوونی راەکارگر واقعییەت شتیکی‌ترە، بزووتنەوەی کرێکاری و خەباتی ئیستای کرێکاران لە کوردستان ئەساسەن بزووتنەوەیەکی دژی سەرمایەداری و دژی ئەو موناسەباتە زالمانەیەیە کە لەسەر ئەستویان قورسایی دەکا و حەرەکەتیکە کە رزگاری لە ستەمی سەرمایەداری و دامەزراندنی حکوومەتی کارگەری و وەدی هینانی داخوازە سیاسی کۆمەڵایەتی و ئابووری‌یەکانی کرێکارانی لەگەڵ باقی هاوچینەکانیان لە ئێران کردوەتە سەر لەوحەی حەرەکەتی خۆی کرێکاران لە کوردستان و لە جەرەیانی ئیعتیراز و خەباتی چەند ساڵی رابوردوویاندا بە کردەوە و لە بریارنامە پەسند کراوەکانیاندا لەسەر خەسلەتی دژی سەرمایەداری، ئاسوی سوسیالیستی و ئەنترناسیونالیستی و لەسەر حەق خوازی خۆیان لە وەدی هینانی داخوازە فەوری‌یەکانیان و نەهیشتنی ستەمیکی کۆمەڵایەتی‌دا تەئکیدیان کردوە بەلام راەکارگر کاتیك باسی بریارنامە پەسند کراوەکانی کرێکاران دەکا، بیشەرمانە سەروبنی لی هەلدەپاچی، ناوەروکە کۆمۆنیستی و کرێکاری‌یەکەی تەحریف دەکا و دەیشاریتەوە و بە پیی بوچوونی خۆی، دیمەنیکی بەر تەسك و مەحدوود لە دەور و جیگا و شوینی کرێکاران هەلەبت بە ناوی خودی کرێکارانەوە بە ئەستویاندا دەبری. لەم بابەتەوە سەرنج بدەنە ئەم وتەیەی راەکارگر:

"کرێکارانی کوردستان بەحەرەکەتی خۆیان، پلاتفورم و بریارنامەکانی خۆیان نیشانیان دا، کە هەتا چ ئەندازە لە دەوری واقیعی خۆیان لە بزووتنەوەی گەلی کورد دا ئاگادارن و هەتا چ ئەندازەیەك لە پیویستی ریکخراو بوون و یەکگرتوویی خۆیان گەیشتوون."

ریگای کرێکار، ژمارە ٥٧، جوزەردان و پووشپەری ٦٧، لاپەرەی ٢٥، تەئکید هی ئێمەیە.

راەکارگر ئیشارە بە بریارنامە پەسند کراوەکانی کرێکارانی سنە لە رۆژی یەکی ئەیار دا دەکا ئەگەر وایە و لەبەر ئەوەی ئەم وتەیەی راەکارگر ئیشارە دەکا بە بریارنامەی یەکی ئەیاری ساڵی ٦٧ی کرێکارانی سنە، با پیکەوە بروانینە سەرەتا و چەند بەندی ئەو بریارنامەیە هەتا تەحریف و هەروەها پووچ بوونی ئیددیعاکەی راەکارگر دەکەوی:

# بریارنامەی کرێکارانی سنە لە یەکی ئەیاری ١٣٦٧دا

کرێکاران، زەحمەتکیشان، هاورییانی

هاوچارەنوس!

ئەمرۆ ١٠٢ ساڵ لە تەمەنی پر بایەخی‌یەکی ئەیار-ریکەوتی ١١ی گولان-رۆژی جیهانی کرێکار تیپەر دەبی، چینیك کە رۆژ بە رۆژ بەرەو ئەوە دەچی لە سەرتاسەری جیهاندا شاهیدی بە رەسمییەت ناسرانی خۆی و داخوازەکانی بی. چینیك کە تاقە زامنی گەیشتن بە ئامانجەکانی هاوپشتی و یەکگرتووی ریزە میلیونی‌یەکانی خۆیەتی.

رۆژی جیهانی کرێکار،رۆژیکە کە هەموو کرێکارانی جیهان لەگەڵ یەکتر عەهد و پەیمان تازە دەکەنەوە کە تا گەیشتن بە ئامانجە واقیعی‌یەکانی خۆیان، خەباتی بی‌وچانیان دریژە پی بدەن.

ئیمە کرێکارانی کوردستان پی بە پیی چینی کرێکاری جیهان ئەمسالیش بە بەرپا کردنی جەژنی یەکی ئەیار سەر لە نوی پەیمان تازە دەکەینەوە و جاریکی‌تر لە سەر داخوازە کرێکاری‌یەکان پی دادەگرین و لەم رۆژە پیرۆزەدا بریارنامەیەك کە ٢٠ ماددەیە بە هەموو کرێکارانی کوردستان رادەگەیەنین و لیبراوانە ئیعلام دەکەین کە ئیمە کرێکارانی کوردستان داواکاری ئەوانەین:

١- داواکاری بە رەسمییەت ناسران و تەعتیلی ١١ی گولان رۆژی جیهانی چینی کرێکارین.

٢- ...

١٩- ئیمە کرێکارانی کوردستان پشتیوانی لیراوانەی خۆمان لە خەباتی حەقخوازانەی کرێکاران و زەحمەتکیشانی فەلەستینی و لە دژی ئیسراییل و ئەمپریالیسم، رادەگەیەنین.

ئەمە سەرەتا و تەنیا دوو بەند لە بریارنامەی‌یەکی ئەیاری ساڵی ٦٧ بوو. جگە لەمە، کرێکارانی سنە لە ١٨ ماددەی‌تردا ئەساسی‌ترین داخوازە ئابووری و سیاسی و دیموکراتیکەکانی خۆیانیان وەك کۆمەڵی بورژوایی و حاکمانی ستەمگەری ئەم کۆمەڵگایە راگەیاندوە بەلام هینانەوەی ئەم سەرەتایە و دوو بەند لە بریارنامەکە تییدا کرێکاران باسی دەور و جیگای خۆیان دەکەن بە ئەندازەی کافی رۆشنە هەتا نە هەر زەقترین نەوعی درو و چاوبەستی، بەڵکوو هەموو چەشنە تەحریفیك ئەویش لە زمان ریکخراویکی سیاسی‌یەوە ئاشکرا بی.

کرێکاران و بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان بە پیچەوانەی بوچوونی راەکارگر دەور و جیگای خۆیان تەنیا لە چوارچیوەی بزووتنەوەی گەلی کورد دا و مەحدوود بەم بزووتنەوەیەی نابینن (هەلبەت لەو بزووتنەوەیەش دا ئالا هەلگر و پیشرەوی خەبات بۆ وەدی هینانی مافی دیاریکردنی چارەنووسن) بەڵکوو خۆیان بە بەشیك لە بزووتنەوەی کرێکارانی جیهان و ئێران دەزانن و، بە شیعار و پلاکاردی کرێکارانی جیهان یەك گرن هاتوونە مەیدان و لە خەباتی باقی هاو چینەکانیان لە سەرتاسەری جیهاندا پشتیوانی دەکەن.

بزووتنەوە ی کرێکاری لە کوردستان، حەرەکەتی ئەو کرێکارە سوسیالیست و کۆمۆنیستانەیە کە رووگەی حەرەکەتیان بۆی سوسیالیزم و ئازادی، بەرابەری، حکوومەتی کارگەری‌یە و ویست و داخوازە فەوری‌یەکانی کرێکارانیان کردوەتە سەر لەوحەی خەباتی رۆژانەی خۆیان و مانگی ئەیاری هەموو سالیك ئامانجە نیهایی و فەوری‌یەکانی خۆیان وەك پلاتفورمیك بە هەموو کۆمەڵ رادەگەیەنن، بەلام کاتیك راەکارگر دەیکاتە بەلگە بۆ قسەی خۆی، دەیگوری و پەردەپوشی دەکا و ئەو واقعییەتە زیندووە سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یە کە سەرنجی هەموو چاویکی نابینا و گوی‌یەکی ناژنەوای بۆ لای خۆی راکیشاوە، بە پیچەوانە نیشان دەدا و ئەمە هەمان شیوەی لە میژینەی راەکارگر لە حاست چینی کرێکار و خەباتی ئەو چینە لە کوردستان.

راەکارگر ریك وەك بورژوازی کە لە حاست بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان تەمکینی کردوە، جیگا و شوین و مەوقعییەت و ئاسوی ئەم بزووتنەوەیە ئەوەندە دادەشکینی هەتا دەی هینیتە ئاستی بەشی "رادیکال" ی دیموکراسی و خودموختاری و لە کردەوەدا وەك هیزی زەخیرەی بزووتنەوەی دیموکراتیك چاوی لی دەکا، بەلام واقعییەتی حاشا هەلنەگر و رۆشنی خەباتی کرێکاران ئیسباتی کردوە کە بزووتنەوەی کرێکاری لە کوردستان بالی "رادیکال"ی خودموختاری نیە و ئەوە راەکارگرە کە بالی رادیکالی بورژوازی‌یە.

ئەمرۆ بە پیچەوانەی بوچوونە بورژوایی و وردە بورژوایی‌یەکان، سوسیالیزمی کرێکاری، ئەو حەرەکەتە زیندوو و حازرەی نیو بزووتنەوەی کرێکاری‌یە لە کوردستان کە کرێکاران لە پیناو ئامانجەکانی خۆدی کرێکاراندا، هەر لە ئامانجی ئابووری‌یەوە بگرە هەتا ئامانجی شۆرشی کرێکاری و حکوومەتی کارگەری، ریك دەخا حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان بە پشت ئەستووی ئەم هیزە، ئامانجی قەتعی خۆی بەوە داناوە ببیتە حیزبیکی کۆمۆنیستی و کرێکاری و سوسیالیزمی کرێکاری مەوجوود حیزبییەت پی بدا و سوورە لەسەر ئەوەی جیایی واقیعی کۆمۆنیزم و ریکخراوی کۆمۆنیستی لە چینی کرێکار و بزووتنەوەی کرێکاری کۆتایی پی بهینی.

**وەرگیردراو لە "پیشرەو"ی ژمارەی ١٩ی فارسی**

دەورەی دووهەم | ژمارەی ٣٦ | خەلیوەی _١٣٦٩ | ئاوریلی _ ١٩٩٠

پێشڕەو

# (پاشماوەی)کاری کونتراتی بە قازانجی......

پیویستە جاریکیتر لەوە ورد بینەوە کە ئەم شیوە کارە چ زەرەریکی بۆ ئیمە هەیە و چ قازانجیکی بۆ سەرمایەداران و خاوەن کاران تیدایە.

ئەگەر ئەوەمان سەلماندبی کە بەم جۆرە کار بکەین، ئیتر منداڵ و دایك و باوکی پیر و پەك کەوتە و ژنی دووگیان و... هیچ مەعنایەکی بۆیان نامینی و دەبی هەموان کار بکەن مەگەر کاری کوورەخانەکان وانیە؟ مەگەر لە کوورەخانەکان ژنانی دووگیانیش قالبەخشت ناگویزنەوە؟ مەگەر منداڵی ٨-٧ سالان خشت هەلناچنن؟

لەم شیوەیەی کار کردن دا، لە هەر کوی بی، لە کوورەخانە یان لە کارگای قالیباف، هەموو ئەفرادی خانەوادە دەکیشرینە بەر کار ئەویش چ کاریك؟

کاریکی سەخت و دژوار کە هەتا زیاتر بکری قازانجیکی زیاتر دەچیتە گیرفانی خاوەن کارەوە.

لەم شیوە کارەدا، گەورەی مال، بۆ ئەوەی هەرچی خیراتر و پوخت تر کار بکری، بە بی ئەوەی هیچ کەس پیی ئەسپاردبی، دەبیتە نوینەری خاوەن کار و دروست وەك سەرکارگەریك ئەمرۆ نەهی دەکا.

لەم شیوە کارەدا رەفاقەت و هاودلی لەنیو کریکاران دا کەم دەبیتەوەودەکری بلیین هەرکەس سەرقالی کاری خۆیەتی و زۆر جاریش لەنیو کریکاران دا بەرانبەریکی و رەقابەت پیك دی.

خاوەن کار لەم شیوە کاردا نەك هەر قازانجیکی زۆر و زەبەندی دەست دەکەوی، بەڵکوو ئیمکانی ئەوەی دەست دەکەوی بە بیانووی جۆراوجۆر کریکاران بکاتە چاو لە دەستی خۆی و لە چاوەروانیدا رایانگری و حەقی تەواویان نەداتی.

کریکار ئەگەر بە رۆژکار بکا، لە سەعاتیکی دیاریکراودا دەست بە کار دەبی و پاش چەند سەعات دەست لە کار هەلدەگری و هەقدەستی خۆی وەر دەگری و دەکەویتە شوین ژیانی خۆی بەڵام ئەگەر شیوەی کونتراتی کار بکا خاوەن کار بە بیانووی جۆراوجۆر گیرو گرفتی بۆ پیك دینی و جەریمەی دەکا.

دیارە لەم شیوە کارەدا، کاریك کە کات و وەختی بۆ نەبی و کریکار ناچار بی هەمیشە دەستی تییدا بی، نەك هەر هیچ هیز و توانایەك بۆ کریکار نامینی بەڵکوو کریکار تووشی وەزعیك دەبی کە ئیتر ژیان هیچ مەعنایەکی بۆی نامینی نە شەونشینی و هات و چووی دوست و ناسیاو، نە وچان و حەسانەوە، نە گۆی دانە رادیو، نە خویندنەوە، ماندوو و هیلاك وەك بەرد دەکەویتە سەر عەز و جوولەی لی دەبری.

ئەم جۆرە کارە، رووداو و کارەساتی ناخۆشیشی زۆر تیدایە، ئینسان وەختیك بۆ چەند تمەن زیاتر حازر بی ئەو کارە دژوارە قەبوول بکا، بیگۆمان لەبەر هیلاکی و ماندوویی ئاگای لە خۆی دەبری و تووشی کارەساتی ناخۆش دەبی کەم جارتان بیستوە یان دیتووتانە کە هاوریyانی کریکارمان بەهۆی ماندوویەتی یەکجار زۆر تووشی کارەساتی دلتەزین بوون و گیانی خۆیان لەدەست داوە؟

ئەگەر گیانیشیان لەدەست نەدەن ئیتر وەها هیز و توانایان لی دەبری کە توانایی ئەوەیان نامینی ئەو ژیانە مەمرە و مەژییەی جارانیش بۆ خۆیان دابین بکەن چاویك لە دەور و بەری خۆمان بکەین هەموو ئەوانەی پشت ئیشە و لاق ئیشە لە کاری خستوون، هەموو ئەوانەی لە نەتیجەی کاریقورسی هەمیشەییدا لەنیو ژووری تاریکی کارگاکانی قالیبافی بینایی خۆیان لە دەست داوە، ئەوانە هەموویان سەردەمیك پرکارترین و هەڵسووراوترین کەسان بوون بۆچی ئاوا لە کار کەوتوون و لە تەمەنی ژیر ٣٠ساڵی دا تووشی هەموو جۆرە نەخۆشییەك بوون؟

ئەگەر بە کاری کونتراتی بکری خەرجی زستان یان دەورەی بیکاری ئەو سالە دابین بکەی، ئەی بۆ سالانی پەك کەوتەیی و بۆ خەرجی دوکتور و دەوا و دەرمان و چارەسەری ئەو نەخۆشییانەی بەهۆی ئەم کارە قورسەوە تووشی دەبن دەبی چ بکری؟ رەنگە بلین ئەگەر هەموو خیزانیمال بە ژن و پیاو و منداڵەوە ئاوا کار نەکەین چون بەری بچین، ئەگەر ساڵی چەند مانگ کە کار هەیە ئاوا پر بە پر کار نەکەین ئەی زستان چون خۆمان بەخیو کەین؟

ئەم پرسیارە دەبی وەلامی بدریتەوە. بەڵام وەلامەکەی ئەوە نیەکەبلیی بیجگە لەم شیوەیە هیچ ریگایەکیتر نیە. وەلامەکەی ئەوە نیە کە ئینسان هاوینان خۆی بکوژی بۆ ئەوەی زستانان بەری بچی.

ئیمە بە تەئکیدەوە دەلیین هەر کاریك لە هەر جیگایەك بە شیوەی کونتراتی خراپ و بە زەرەرە و دەبی قەدەغە بکری.

ئیمەی کریکار لە هەر جیگایەك کار دەکەین ئەگەر بە قەدەر بەریچوونی خۆمان هەقدەست وەرگرین، ئەگەر غەمی زستان و رۆژانی بیکاریمان نەبی و هەر کات بیکار بووین بیمەی بیکاری وەرگرین ئایا ناچار دەبین بە شیوەی کونتراتی کار بکەین؟ دیارە ناچار نابین! کەوایە ئایا ناکری بە هەولدان بۆ داسەپاندنی ئەم داخوازە بەسەر کارفەرما ودەولەت دا، یانی بە ئەستاندنی هەقدەستی کافی و بیمەی بیکاری، بۆ هەمیشە کاری کونتراتی قەدەغە بکەین و تەنیا بە شیوەی رۆژکار، کار بکەین؟

کەوایە وەرن بە حیسابیکی سادە، خەرجی بەریچوونی رۆژیکمان- هەموو پیویستییەکانی خانەوادەیەکی ناونجی حیساب بکەین، وای دانیین دەبیتە نزیکەی ٦٠٠ تمەن دوای ئەم حیسابە دەبی خۆمان بۆ ئەوە ئامادە بکەین کە بە خاوەن کار و دەوڵەت رابگەیەنین:

١- رۆژکار، کار دەکەین.

٢- لە رۆژدا لە ٨ سەعات زیاتر کار ناکەین.

٣- بە هەقدەستی کەمتر لەوەی خۆمان دیاری دەکەین، کار ناکەین.

٤- بۆ دەروەری بیکاریمان دەبی بیمەی بیکاریمان پی بدری.

ئەم کارە دەکری و ئیمکانی هەیە و دەبی لە ئیستاوە بۆی دەست بەکار بین.

بەم حیسابە، یانی ئەگەر بمانەوی لە چنگ کاری کونتراتی خۆمان رزگار بکەین، دەبی داخوازی هەقدەست بە قەدەر بەریچوونی خیزانیکی ٥کەسی، ٨سەعات کار لە رۆژدا و بیمەی بیکاری بۆ دەورانی بیکاری، بە کارفەرما و دەوڵەت تەحمیل بکەین.

بیگۆمان کریکارانی کوورەخانەکان کە هەتا ئیستا بە خەباتی یەکگرتوانەی خۆیان گەلیك داخوازی خۆیانیان وەدی هیناوە دەتوانن ئەم داخوازەشیان وەدی بینن بەو مەرجە کە هەر لە ئیستاوە کاری بۆ بکری یانی هەموو کۆر و کۆمەڵیکی کریکاری هەڵسووراوانە دەست بە کار بن هەتا بە وردی زیانەکانی کاری کونتراتی و جیاوازی ئەم کارە لەگەل رۆژکار، وە پیویستی خەبات بۆ سەعا کاری مەحدوود و هەقدەستی باش و بەهرەمەند بوون لە بیمەی بیکاری باس بکەن، بەرینترین بەشی کریکاران لە دەوری ئەم داخوازە سەرەکییە کۆ بکەنەوە.

ئەگەر هەر لە ئیستاوە هەموو کریکارانی کوورە بریار بدەن کە لە قەراردادی ساڵی تازەیان دا ئەوە ببرنەوە کە بە شیوەی کونتراتی کار ناکەن و تەنیا بە شیوەی رۆژکار ئەویش بە حداکسر ٨ سەعات لە رۆژدا، کار دەکەن، ئەگەر کریکارانی کارگاکانی قالیبافی و هەموو ئەو خانەوادانە کە هیزی لەش و بینایی چاویان لە سەر کاری کونتراتی لەدەست داوە رابگەیەنن کە ئیتر بە هیچ شیوەیەك برە کاری ناکەن و، دەبی دەوڵەت و خاوەن کار بیمەی بیکاری بۆ دەورەی بیکاری یان پی بدا، دەتوانن ئەم داخوازانە بەسەر دەوڵەت و کارفەرمادا بسەپینن.

هیز و توانایی دەیان هەزار کەسی کریکارانی کوورەخانە، کریکارانی قالیباف و زۆر کریکاریتر کە بە شیوەی کونتراتی کار دەکەن، ئەوەندە زۆرە کە دەتوانن ئەم داخوازانە وەدی بینن.

# (پاشماوەی)نەوروزتان پیرۆز

ئەم بەهارە یازدە بەهارە ئازادیمان بە وەحشیانەترین شیوە پی شیل دەکری، رولەکانمان بە زۆر براوەتە شەری کونەپەرستانە و کراوەتە قوربانی ئامانجی دژی بەشەری سەرمایەداران، کۆنەپەرستانەترین ستەم و نابەرابەری و رەسم و یاسای مەزهەبی بەسەر ژنان داسەپاوە، کریکاران و شۆڕشگیرانی کۆمۆنیست و ئازادیخواز دەگیرین و زیندان و ئەشکەنجە و ئیعدام دەکرین.

بەڵام ئیمەی کریکار و زەحمەتکیش، ئیمەی کۆمۆنیست، ئیمەی ئازادیخواز و شۆڕشگیریش یازدە بەهارە لە دژی ئەم وەزعە مەینەتبارە هاتووینە مەیدان و بەدەنگی بەرز بە هەموو دنیامان راگەیاندوە کە ئەم رژیمە جینایەتکارەمان ناوی و یازدە بەهارە شۆڕشیکی بەرین و جەماوەریمان لە دژی ئەم رژیمە و بۆ داخوازە رەواکانمان وەری خستوە.

کریکاران، زەحمەتکیشان، خەڵکی ئازادیخوازی کوردستان!

با ساڵی تازە بکەینە بەهاری یەکگرتوویی زیاتر و خەباتی لیبراوانەترمان لە دژی جمهووری ئیسلامی و لە پیناو ئازادی و بەرابەری و حکوومەتی کارگەریدا!

با ساڵی تازە بکەینە بەهاری کاری، بەهاری نان، بەهاری گەیشتن بە داخوازە سیاسی و ئابووریەکانمان!

با ساڵی تازە بکەینە بەهاری ئازادی ئازیزانی زیندانی مان و بەهاری شاد بوون بە دیداری ئەو ئازیزانەمان!

با ساڵی تازە ویرای هەموو کریکاران و زەحمەتکیشانی ئیران، بە دەستی خۆمان، بە هیزی خۆمان، بە خەباتی بی وچانمان، لە کارخانەکان، کارگاکان، کوورەخانەکان، مەیدانەکانی کار، خیابانەکانی شار، کولانەکان و مەزراکان و تەپولکەکانی دی، سەر و بەری ئەم رژیمە نگریسە تیك دەین و بەهاری خۆمان وەدی بینین، بەهاری ئازادی..

"پیشرەو"

# (پاشماوەی) ئەگەر یەك بی

تو دەتوانی !
تو دەتوانی و لە دەستت دی.
ئەو دنیا پیچەوانەیە ژیرەوژوور کەی
تاکوو گەنم
برسی نەبی و برسی تیر کا
تاکوو کانیاو تینوو نەبی و
ئاوی زولال، بە گەرووی تینودا بکا
تاکو ئینسان،
کویلە نەبی و ئازاد و بەرابەر بژی
تا ئازادی ئازاد بیت و
ژیان لە دیلی رزگار بی.
تو دەتوانی و بیجگە لە تو کەس ناتوانی.

ئەگەر یەك بی!
ئەی ئەوەی کە هەرچی هەیە بە شیرەی گیان دەی خولقینی و
خۆت بی بەشی!
تو دەتوانی و لە دەستت دی.
تینی ژیان، وەبەر گیانی مردوو بینی!
تو دەتوانی گریان بکەی بە پیکەنین!
تو دەتوانی دارستان پر شکوفە کەی!
تو دەتوانی بەهار بینی و دنیا بکەیتە گولستان!
ئەگەر یەك بی!
ئەگەر یەك بی!

# (پاشماوەی) پەیامی هاوری ابراهیم علیزادە دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە بەبۆنەی نەوروزەوە

کۆمەڵانی تیکۆشەر لە کوردستان موقاوەمەت و بەرەنگارییەکی بە هیز و دریژ ماوەیان لە بەرانبەر دەسەلاتی جمهووری ئیسلامیدا تەجرەبە کردوە ساڵەهایە بەردەوام لە هەموو مەیدانەکانی بزووتنەوەی شۆڕشگیرانەدا لە دژی ستەمی میللی و سەرکوتی نیزامی، لە دژی پیشیل کردنی مافەکان و ئازادییە سەرەتاییەکانی خەڵکی زەحمەتکیش، ئەو خەبات و راوەستانە دریژەی هەیە و دەرس و تەجرەبەکانی لە رادەی کۆمەڵایەتیدا جیگیر بوون و بوونەتە هیزی ماددی ئەمرۆ هاتنە مەیدانی خەباتی کریکارانی کوردستان بۆ داخوازە ئابوورییەکانیان نوختە پیشرەفتیکی گرینگە لە بزووتنەوەی چینایەتی و سیاسی کوردستاندا کوردستانی شۆڕشگیر بەهۆی هەڵسوورانی کۆمۆنیستی بووەتە سەنگەریکی بەهیزی خەباتی کریکارانی ئیران و دەرس و تەجرەبەکانیشی لە خزمەت بە هیز کردنی هاوپشتی چینایەتی هەموو کریکارانی ئیراندایە، یەکگرتوویی و هاوپشتییەکی چینایەتی کە بیگۆمان بە بزووتنەوەی یەکپارچەی خۆی بازاری ملهوری و زۆرداری حاکمانی جمهووری ئیسلامی تیکەوە دەپیچی و تەفر وتووناى دەکا.

هاوریيانی کریکار!

ئەو رۆژانە بە دوای رووداوەکانی ولاتانی ناسراو بە بلووکی رۆژهەلات، هەموو دەزگای تەبلیغاتی سەرمایەداریی جیهانی بە هەموو زەرفییەت و توانایی خۆیانەوە کەوتوونەتە کار تا پاشەکشە و شکستی ئابووریی سەمایەداری دەوڵەتی و شیوەکانی دەسەلاتدارەتی سیاسی لە ولاتانی بلووکی رۆژهەلات بکەن بە وەسیلەیەك بۆ بلاو کردنەوەی تووی ناهومیدی و لەدەست دانی ئاسوی داهاتوو لەناو ریزەکانی بزووتنەوەی سوسیالیستیی کریکاران دا، هەموو توپخانەی تەبلیغاتیی سەرمایەداری ئەمپریالیستی دەست بەکار بووە تا نیشان بدات کە گۆیا شۆڕشی سوسیالیستی کریکاران ناومکین و بی حاسڵی و نیزامی سەرمایەداری شیوەیەکی بەرهەم هینان و فەرهەنگ و ئەخلاق و رەوشتیکی ئەبەدی بۆ ژیانە گۆیا ژیان لە کۆمەڵی چینایەتیدا چارەنووسیکی چارهەلنەگری بەشەرە تا جیگایەك کە جمهووری ئیسلامیش جۆرئەتی بە خۆی داوە کە لەم هەرا و هوریا تەبلیغاتییەدا ئەو مەینەت ئاوایەی کە بۆ خەڵکی ئیرانی دروست کردوە وەك نموونە و ئولگووی ژیانی داهاتووی بەشەر لە قەلەم بدات گۆیا ئەو پەری ئاوات و ئاسوی بەشەرییەت لە ئاخری سەدەی بیستەم دا دەبی ئەوە بی کە سەر بۆ نیزامیك دانەوینی کە کەمایەتییەکی بچووك بتوانی خۆی بە رەوا لە قەلەم بدا و ئیزنی هەبی برسییەتی، هەژاری، بیکاری، بی مەسکەنی، بی بیهداشتی، بی دەرمانی، ئیعتیاد، فەساد، بی مافی و ستەم بەسەر زۆربەی هەرە زۆر و بەرینی بەشەری ئەمرۆدا، لە چوار گۆشەی دنیا، داسەپینی و بەرهەمی گەشەی تکنولوژی و سەنعەت و پیشرەفت عیلمیی بەشر لە خزمەت جەماعەتیك سەربار و مفتە خۆر دابی و خۆشی و ئاسایشی ئەوان دابین بکا وەها وەحشیگەرییەك گۆیا ئەوپەری ئاوات و ئەوپەری دلنەوایی بەشەرییەتی پیشکەوتووی ئەمرۆ بی و بەشەر مەحکووم بی لەژیر سیبەری وەها موناسەباتیکی جینایەتکارانەدا بژی.

بەڵام واقعییەتەکانی دنیای ئەمرۆ رۆشنتر لە هەمیشە بەرهەق بوونی قسەکانی مارکس سەبارەت بە ناوەروکی کۆمەڵی چینایەتی و پیویستیی ژیرەوژور بوونی ئەم نیزامە نیشان دەدا کۆمەڵی ئەمرۆی بەشەری کۆمەڵیکی چینایەتییە و کریکاران چینیکن کە لە بەرهەم و حاسلی دنیایەك کە سەروەت و سامانەکەی حاسلی رەنجی شان و ئارەقی نیو چاوانی ئەوانە، بی بەشن هیچ حوققە بازییەکی تەبلیغاتی ناتوانی ئەو واقعییەتە سەرسەختە، کە هەموو سات و کاتیك لە ژیانی کۆمەڵانی کریکاردا خۆی نیشان دەدا، بشاریتەوە کریکاران بۆپارستنی ئەوەی کە وەدەستیان هیناوە و بۆ بەهرەمەند بوون لە پیشرەفتەکانی دنیای ئەمرۆ چارەیەکیان نیە جگەلە خەباتی راستەوخۆ و رووبەروو بۆ وەری خستنی بزووتنەوەی چینایەتی خۆیان لەدژی سەرمایەداران و دەولەتەکانیان ئەم خەباتەواقعییەتیکی سەرسەخت و حاشاهەلنەگرە کە تەنانەت خۆی بەسەر سەفحەی تلویزیونەکانی دەوڵەتیی سەرمایەدارانیش دادەسەپینی و هەموو شانازی سەرمایەداریی جیهانی ئەوەیە کە گۆیا لە بەربەرەکانی بەرانبەر بە دەنگی ئیعتیرازدا تەنیا گوللەی پلاستیکی و گاز" اشك آور" و باتومی بەکار هیناوە نەك شتیکیتر، ئەم بی شەرمییە و ئەم وەحشیگەرییە شیاوی بەشەرییەتی ئاخری سەدەی بیستەم نیە و کۆمۆنیزم بزووتنەوەی ئاگاهانە، وشیارانە، عەدالەت خوازانە و ئازادیخوازانەی کریکارانە و وەلامی ئەم نیازە کۆمەڵایەتییە دەداتەوە پیك هینان و ریکخستنی کۆمەڵگایەکی سوسیالیستی حاسڵی سەرکەوتنی ئەو بزووتنەوەیە و تەنیا لەناو چوون و نەمانی چینەکان و جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵی بەشەر دایە کە بە مانای واقیعی زەمینە و ئیمکانی ئازادی بۆ ئینسان پیك دینی و بەشەر لە هەموو کوت و بەندەکانی کۆمەڵی چینایەتی رزگار دەبی تارمایی وەها ئاسویەکە کە ئەمرۆ سەرمایەداران و دەولەتەکانیانی هیناوەتە مەیدانی تەبلیغاتیکی دژی کۆمۆنیستی لە هەموو دنیا.

ئیمە تیکۆشەری ئەم بزووتنەوە چینایەتییەین و لە هەلس وکەوتەکانی رابوردوو دەرس وەر دەگرین و ریگای داهاتوومانی پی رۆشن دەکەینەوە.

جاریکی دیکەش ساڵی تازەتان لی پیرۆز بی.

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٣٦ April: ١٩٩٠

## نەوروزتان پیرۆز

کرێکاران! زەحمەتکێشان!

خەڵکی تیکۆشەر و ئازادیخوازی کوردستان!

ئەوا دیسان بەهار هاتەوە، بەهاری تازە و ساڵی تازەتان پیرۆز و هەموو رۆژێکتان نەوروز بی.

ئەم بەهارە یازدە بەهارە رژیمیکی هار و دەرندەی مەزهەبی ، بە جینایەتکارانەترین شیوە چنگی خستوەتە گیان و ماڵ و کەرامەتی ئینسان و داهاتی رەنج و ئارەقمان.



ئەم بەهارە یازدە بەهارە بێکاری، ئیخراج، حەقدەستی کەم، کاری تاقەت پروکێن، سەعات کاری زۆر، گرانی، بیمەسکەنی، بیبیهداشتی، بیدوکتور و دەرمانی، بیبەشی لە سەرەتاییترین پیداویستییەکانی ژیان، هەژاری و بی دەرەتانییەکی بی ئەوپەر، لە لایەن ئەم رژیمە سەرمایەدارییەوە کراوەتە یاسا و بەسەرماندا سەپیندراوە. ئەم بەهارە یازدە بەهارە کە جمهووری ئیسلامی بۆ سەرکوتی خۆمان و شۆڕشمان هیزی سەرکوتگەر و زۆر و زەبەندی خزاندوەتە کوردستان و ئەمنییەت و ئاسایشی لی هەلگرتووین.

ل٦

# پەیامی هاوری ئیبراهیمی عەلیزادە دەبیر ئەوەلی کۆمەڵە بەبۆنەی نەوروزەوە

ئـەم پەیامـە بـە هینـدیك دەسکارییەوە هینراوەتـە سـەر شیوەی نووسین.

"پیشرەو"

کۆمـەڵانی تیکۆشـەری خـەڵکی کوردستان!

سـاڵی نـۆی لەهـەمووتان پیرۆز بـی، بـەو هیوایـە کـە سـاڵی تـازە سـالی پـەرەگرتنی یکگرتـوویی و پەیوەندی خەباتکارانەی پتەوتر و بـەهیزتری خـەڵکی چەوسـاوە و مەحرووم بی.

با بەبۆنەی ساڵی تازەوە یادی هەموو ئەو خۆشەویستانە ریز لی بگـرین کـە لـە نـاو ریـزی بزووتنـەوەی چـینایەتیدا و بـۆ رزگاری ئینسان لە چەوسانەوە و سـووکایەتی پـی کـردن و سـتەم، خـەباتیان کـرد و لـەو ریگایـەدا گیانیان بەخت کرد.

پیـاوان و ژنـانیکی تیکۆشـەر کەبەبی باکی و کولنەدەری خۆیان ریگای خەباتی داهاتووی ئیمەیان رۆشـنتر کـردەوە، بـا جـاریکی دیکـەش لەگـەڵ ئامـانجی بـەرز و پیرۆزی ئەو ئازیزانە مان پەیمان تازە کەینەوە!

سـاڵی رابـوردوو وەکـوو گـەلیك ساڵیتر، وەکوو زۆربەی هەرەزۆر بـەرینی کرێکـاران و خـەڵکی زەحمـەتکیش و هـەژار، سـاڵی دژواری و سـەختی ژیان و دەست و پەنجە نـەرم کـردن لەگـەڵ هـەل ومـەرجیك بـوو کـە بەرهـەمی دەسـەلاتدارەتی جمهـووری ئیسلامی لە ئێرانە:

زیاتر لە حەوت میلیون کرێکار تـەواو وەخـت بیکـار بـوون و میلیونـەها کەسیش بۆ زیـاتر لـە نیـوەی سـاڵ کاریـان نـەبوو. بـەم جۆرە بەشیکی بەرین لـە کرێکاران تەنانـەت لـە هـەقی کـار کـردن بـە کرییەکی کەمیش مەحرووم بوون و بودەورانی بیکـاریش هیچ بیمە و یارمەتییـەکی تایبـەتیان وەرنـەگرت وەهـیچ رووناکاییـیەك بـۆ بـەری چـوونی رۆژانـەیان شك نابەن. تازە ئەوە لەهەل و مـەرجیك دایە کـە ئەوانـەی کاریش دەکـەن، بـە هەرەشـەی بیکـار کـردن و دەر کردن، کە سەرمایەداران بە پشت ئەسـتووری میلیونـەها بیکـاری بـازاری کـار لـە سـەر سـەری کرێکـارانی شـاغل رایـان گرتـوە، سـەخت ترین هـەل ومـەرجی کـار، سەعاتی کاری زۆرتر و هەقدەستی کـەمتریان بەسـەردا داسـەپینن و بـەردەوام لـە تـرس و نیگـەرانی بێکار بوون دا رایان دەگرن.

گرانـی هـەروا بیـدادی کـرد و بـەردەوام روو لـە زیـادی بـوو. ئیسـتا نرخیتـەوەروم زیـاتر لـە هەشـتا لـە سـەد دایـە . بـی مەسکەنی و گرانی لە رادەبەدەری کـری خـانوو، بـی بیهداشـتی و گرانی و دوور لە دەسرەس بوونی دوکتـور و دەوا و دەرمـان مایـەی پەریشـانی و نیگـەرانی هـەموو رۆژەی کرێکاران و کۆمەڵانی فەقیر و کـەم دەرامـەدە. زەحمەتکیشـانی دیهـات کـە کۆمـەڵیکی بـەرین لـە جامیعـەی ئیمـەن بـە کـەمترین دەرامەدیکەوە کە بە خەیاڵ دا دی ژیـان دەبەنـە سـەر و لـە سەرەتاییترین پیداویستییەکانی ژیانی بەشەری بیبەشن.

بەشـیکی زۆر لـە لاوان و منداڵانی خانەوادە کرێکار و کەم دەرامـەدەکان هـەر لـە سـەرەتای سـاڵانی لاوییانـەوە لـە جیـاتی ئـەوەی توانـایی و لیهاتوویـیە ئینسـانییەکانی خۆیـان بـە یارمەتی سیستمیکی ئامووزشی و پیشـکەوتوو پـەروەردە بکـەن و گەشـەی پـی بـدەن، تەنانـەت لـە کردەوەدا لـە دەرفـەتی خۆیندەوار بـوونیکی سـادەش بـی بەشـن و لەهـەولو تـەقالای بـەری چووندا و بـۆ کـەم کردنـەوەی بـاری قورسـی ژیان لەسەر شانی خانەوادەکانیان رەوانەی بازاری چەوسانەوە و کار و نـان وپەیـدا کـردن دەبـن و سەرمایەدارانی تەماغ کار بە کەڵك وەرگرتن لەو پیویستییە حەیاتی و چـارەهەلنەگرەی ئـەوان، بـە کـەمترین حەقدەسـت دەرفـەتی ژیانیـان پـی دەدەن و بـەم جـۆرە، وەکـوو تـازە گـولی نەپشـکووتوو، هـەر لـە سـەرەتایی لاوییانـەوە لەژیر فشاری ژیاندا پەرپەر دەبن.

وەزعـی مەینـەتباری مەدرەسـەو ئامووزش بۆ ئەوانەش کە بە هـەر حال دەرفەتی چوون بۆ مەردەرسـە پەیـدا دەکـەن، لـە ئێرانـی ژیـر دەسـەلاتی سـەرمایەداری ئیسلامیدا، لە دنیادا کەم وینەیە لـە کـەل و پـەلی زۆر سـادە و سـەرەتایی وەرزشـییەوە بگـرە هەتا دەگاتە موعەلیم و ئیمکاناتی کۆمـەك ئامووزشی و سـەرپەنایەك بـەنیوی کـلاس، هـەمووی ئـەو مەینەتەی لی دەباری و سەرباری هـەموو ئەوانـەش نـاوەرۆکی کۆنەپەرستانەو دژی عیلمی گەلیك لە دەرسەکانە.

رژیـم بـۆ پاراسـتنی مەوجوودییـەتی خـۆی لـە هـەل و مەرجیکی ئاوادا کە بۆ کۆمەڵانی خـەڵکی ئێرانـی پیـك هینـاوە،بی بـەزەیی سیسـتمی دیکتـاتوری، تـرور، زینـدان، ئەشـکەنجە و دنەدانی هەستی کۆنەپەرستانەی دژ بـە ژنـان و سـەرکوتی هـەر چەشـنە دەنگیکـی هەقخوازانـە و ئازادی خوازانەی دامەزراندوە.

بـە پیـی بەرنامـەی ئـابووری و سیاسی جمهووری ئیسلامی، ئەم رەنـج و مەینەتانـە تاوانیکـە کـە دەبـی کۆمـەڵانی زەحمـەتکیش بیـدەن بـۆ ئـەوەی رژیـم ئیمکـان و دەرفـەتی ئـەوە پەیـدا بکـا تـا جاریکی دیکە ریزە بەڵا و بوحران لیدراوەکانی بورژوازی ئێران لەژیر ئـالای سـەرمایەدارییەکی جـی کەوتوو و خاوەن دەسەلات دا کۆ بکاتەوە و رەوتی چەوساندنەوەی کرێکـاران و ئـاخنینی کیسـەی سـەرمایەداران بخاتـەوە سـەر رەوتیکی ئاسایی.

سـەرانی رژیـم لەهـەر هـەلیك دا کە بۆیان هەلدەکەوی دەچنە سەر مەنبـەر و داوا لـە خـەڵك دەکـەن سەبر و لەخۆ بووردوویییان بی و دەرفـەتیان پیبـدەنتا رژیـم بەرنامـەکانی خـۆی بـەریوە بـەری تاوانی ئەو سەبر و خۆ راگرییانە بـۆ زۆربـەی هـەرە زۆری کەسـانی ئـەم کۆمەڵگایە مانـای مەینـەت و دەردو رەنجیکـە کـە ئـەمرۆ کرێکـاران و بەشـی مـەحروومی خەڵکی ئێران دەی چیژن و ئاسوی بەرنامەیـەك کـە قـەرارە رژیـم بـە سەبر و خۆ راگری خەڵك بـەریوەی بـەری، پتـەو بـوون و سـەقامگیر بـوونی بناغـەکانی نیزامیکـە کـە تییدا سەروەتیکی بی ئەوپەر لـە خەزینـەی جەماعـەتیکی بچووکدا کـۆ بووبیتـەوە و زۆربـەی هـەرە زۆری بـی بەشـیش هەمیشـە هشتیان لە گرەوی نویان دا بی، لە پەنای قەسر و کوشکی کۆمەڵیکی بچـووکدا"حەلـەبی ئابـاد" و "حەسیر ئاباد" لە قەراخ شارەکان پەرەیان سەندبی، بەڵام واقعییەت ئەوەیـە کـە ئـەمرۆ مـەوعیزەی مـەلاوئیمامی جومعـە و بانگیشتن کردن بە سەبر و قەناعەت لە لای کۆمەڵانی کرێکار و زەحمـەتکیش بایـەخیکی نیـە و دووپـات کردنـەوەی ئـەم فـرە ویژییانـەش هەر تووڕەیی و نەفرەتی خەڵك لـە سەر یەك کۆ دەکاتەوە و خەڵك لە دریژەی ئەم وەزعە بیزارن و لەهـەر هـەل و دەرفەتیك دا کە وەدەستی بینن ئیعتیراز و تـووڕەیی خۆیـان نیشان دەدەن.

ئـەمرۆ کـە خـەبات لـە دژی بـی بەشـییەکان و بـۆ باشـتر کردنـی هەل ومەرجی ژیان و وادار کردنی رژیـم بـە پاشەکشـە، سـەنگەر بـە سـەنگەر، لـە هـەموو شـوینیك لـە ئارادایە و دیکتاتوری و سەرکوت و زینـدان نـەیتوانیوە بـەری ئـەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتییانە بگری، ئاسـوی بـەهیز بـوون و ریکخـراو بوونی وەها جەرەیانیکە کە رژیمی ئیسـلامی ئـێران دەخاتـە خـۆف مەرگەوە ئەگەرچی ئەمرۆ ئەم جم و جوولانە بۆ داخوازی رۆژانەن و چاویان لە ئیمتیازاتیکی بچووکە، بـەڵام لـە نیـازو پیداویسـتییە واقیعی وحەیاتییەکانی کرێکاران و خـەڵکی زەحمەتکیشـەوە سـەر چاوەیان گرتـوە لـە نـاو جەرگـەی ژیانی رۆژانەی ئەوان هەلقولیوە و بە هیزی بزووتنەوەی جەماوەری پشـت ئەسـتوورن هـەر بۆیـە سیسـتمی دیکتـاتوری حـاکم لـە بەرانبەریانـدا بـی هیـز و کـەم دەسەلاتە بی گۆمان لەسەر بناغەی خـەباتیکی وایـە کـە کرێکـاران خۆیـان بـۆ رووبـەروو بـوون لەگەڵمەسـەلەکانی داهـاتووی شۆڕشی ئێران لە هەموو باریکەوە ئامـادە دەکـەن و بزووتنـەوەی شۆڕشـگیرانەی یەکپارچـە و سەراسەریی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکیش شکل دەگری.

ل٦

## ئەگەر یەك بی

شەوە زەنگەو
خۆر، زیندانی.
بە تاوانی خۆشەویستی
شنەی بەیانی خرایە بەند،
گول برایە پشت پەنجەرە
قەفـەس بـۆ مـەل دروسـت کـرا و
فرین قاچاخ...
زسـتان هـات و سـەهول بەنـدان
هەموو رووباری داپوشی
تا دارستان ئاو نەبینی و
سەوزەلانی بالا نەکا
تـا خـۆرەی ئـاو، گـورانی بـۆ
کویستان نەلی.
کانیا و خنکا
تـا مانگـە شـەو، عەکسـی خـۆی
تیدا نەبینی و
سەری لەبەر دانەهینی .
دوریا گیرا
تـا ماسـییەکان، ببنـە دیلـی
ماسیگر و
تا بازرگان، ببیتە خاوەنی دەریا.
لەو دنیا پیچەوانەیە
گەنم برسییە و کانیا و تینوو.
ئینسـان، کویلـەی دەسـکردی
خۆیەتی و
ئازادیش تاوانباریکە
لـە دارتـەلی قـەراخ جـادە،
هەلواسراوە و
ژیان دیلە.
ئـای بـۆ کەسـیك ژیـان لـە دیلـی
رزگار کا!
کیبویرە و بە شەوە زەنگ، ریگا
دەبری؟
تو! تو دەتوانی!
تو دەتوانی و لە دەستت دی
خۆر لە زیندان ئازاد بکەی
شەوی تاریك بکەیتە رۆژ
رووناکی لە جیهان بەش کەی.
تو دەتوانی و بیجگە لـە تـو کـەس
ناتوانی،
ئەگەر یەك بی!
تو دەتوانی !
تو دەتوانی و لە دەستت دی
خوشەویسـتی بکەیتـە یاسـای
سروشت و
شـنە بکەیتـە هەناسـە بـۆ گیـانی
گول
گول لـە پشـت پەنجـەرە دەر بینی
و
باخ بە دیداری شاد بکەی
قەفەس تیك دەی
فرین بۆ مەل ئازاد بکەی.
تو دەتوانی و بیجگە لـە تـو کـەس
ناتوانی ئەگەر یەك بی!
تو دەتوانی !
تو دەتوانی و لە دەستت دی
سەهول بەندان بکەیتە ئاو
تـاکوو رووبـار بگەیـەنی بـە
دارستان
تا هەمیشە گورانی بۆ کویستان
بلی
تا سـەوزەلانی تـیر ئـاو بـی و بـالا
بکا .
تو دەتوانی و بیجگە لـە تـو کـەس
ناتوانی.
ئەگەر یەك بی!
تو دەتوانی !
تو دەتوانی و لە دەستت دی
قەوزە لەسەر کانیا و لادەی
تـا مانگـە شـەو، عەکسـی خـۆی
تیدا ببینی و
سەری لەبەر دابهینی.
تو دەتوانی و بیجگە لـە تـو کـەس
ناتوانی.
ئەگەر یەك بی!
تو دەتوانی !
تو دەتوانی و لە دەستت دی
لە دەریا توفان هەستینی
هەموو ماسییەکان یاخی کەی
چی کەشتییە نوقم کەی و
خاوەن دەریا و ماسیگریش
بخنکینی
تو دەتوانی و بیجگـە لـە تـو کـەس
ناتوانی.
ئەگەر یەك بی!
تو دەتوانی !

ل٦

